دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ۷۹۲، چوارشەممە ۱۵ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی، ۳ی فێبرییەی ۲۰۲۱

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

حەفتاوپێنج ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢ی مانگی ڕێبەنداندا، کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. کۆمارێک کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو بە پیلانی حکوومەتی حەمەڕەزا شا تێک ڕووخێندرا و سەرۆکی کۆمار پێشەوا و ژمارەیەکی دیکە لە سەرانی ئەو حکوومەتە لە سێدارە دران. لەو کاتەوە کۆماری کوردستان ئەستێرەی ئاسۆی خەباتی کورد لە هەموو ئەو ۷۵ ساڵەدا بووە و، لەوە بەدواش تا کورد و کۆمار پێکدەگەنەوە ڕێچکەی خەباتی ئەویندارانی بەردەوام دەبێ. کۆماری کوردستان لە دڵ و هزرماندا زیندووە

٢ی ڕێبەندانتان پیرۆز بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری

١ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی



شکۆی لەشکاننەهاتووی گەل بەشکۆوە یادی بەرز ڕاگیرا

٤



بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە

٦




«ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی»١


٨



بوونی شاعیرانە

١٠

# شەڕێکی دۆڕاوی ڕەوانی



کۆماری ئیسلامی هەرکات تووشی قەیران و کێشەی گەورە دەبێتەوە کە توانای چارەسەرکردنی نامێنێ، دژکردەوەیەکی توندی هیستریایی لە خۆی نیشان دەدات تاکوو بەمشێوەیە ناخی پڕ لە قین و بوغزی خۆی هێور بکاتەوە و هەستی بێدەسەڵاتی و ترسی خۆی بشارێتەوە؛ بۆ وێنە کاتێک لە شەڕی هەشت ساڵە تووشی شکست بوو و ناچار کرا جامی ژار فڕ بکات دوو پڕۆژەی هاوتەریبی دەست پێکرد: یەکەم لەسێدارەدانی زیاتر لە حەوت هەزار زیندانی سیاسی لە ماوەی سێ مانگدا و دووهەم قەتڵە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە بە قەتڵە زنجیرەییەکان ناوبانگی دەرکرد کە ئامانج لێی لەناوبردنی ڕێبەرانی سیاسی ڕەوتە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بوو. یان کاتێک لە پڕۆژەیەکی سیاسیدا سەرکەوتوو نابێ و خەڵک بە فێڵ و تەڵەکەکەی دەزانن و خەنەکەی بێڕەنگ دەمێنێتەوە دەس دەبات بۆ ڕەشبگیری و توندوتیژییەکی زۆر لە ناوخۆ؛ هاوشێوەی ئەوەیکە لە ساڵەکانی ٨٤ و ٨٨ بینیمان. ئەم کردارە هیستریاییە ئەگەرچی پاژێکی دانەبڕاو لە ژیان و تەمەنی کۆماری ئیسلامی بووە بەڵام لە هەندێ بڕگەی زەمەنیدا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی؛ لە نوێترین حاڵەتی هاوشێوەشدا دەتوانین دوو مانگی ڕابردوو وەک نموونە بهێنینەوە. لەو ماوەیەدا و تەنیا لە کوردستان شەپۆلێکی نوێ بەڵام بەربڵاوتر لە ڕابردوو لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان دەستی پێکرد کە ڕێژەیان خۆی داوە لە ١٠٠ کەس. ئەم کەسانە بەشێکی بەرچاویان خەڵکانی ئاسایی، چالاکانی ژینگەپارێز، کرێکاری، مەدەنی و ژنان بوون. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەشبگیرییانە کۆمەڵێک پەلاماری سیستماتیکی بەناو دەنگوڕەنگی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی لە چەند شاری کوردستان بۆ سەر جلی کوردی و هەروەها کەسایەتییە فەرهەنگی و ئەدەبی و سیاسییەکانی دەستیان پێکرد. بەڵام ئەمجارەیان بۆچی؟ کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنی دوایین خولی مەجلیسی خۆیدا تووشی قەیرانی قووڵی ڕەوایی بوویەوە، هەروەها بەهۆی بەڕێوەبەریی ناتەندرووست و بوونی مافیاگەلی جۆراوجۆری ئابووری، لەسەرووی هەمووان سپای تێرۆریستی پاسداران، تووشی دارمانی ئابووری هاتووە و هەڵبژاردنی سەرکۆماریشی لەپێشدایە! بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کوردستان ئەمڕۆ هەر وەک ڕابردوو ناوەند و چەقی سەرەکی بزاڤی مافخوازانە دژ بە کۆلۆنیالیزمی کۆماری ئیسلامییە، ئاشکرایە کە لەلایەکەوە هەوڵی چاوترسێنکردن، میلیتاریزەکردن و چەواشەکاری بەمەبەستی شاردنەوەی قەیرانەکان و لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بدات. کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا جیا لەو بێڕێزییانە کە بە کلتووری کورد کردوویەتی و جیا لە گرتنی لەگۆترە و هەڕەمەکی لاوانی کورد لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە هەوڵی داوە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەروەها سەروەرییەکانی کورد لە پارچەیەکی تری ئەم نیشتمانە برووشێنێت و خەوشداری بکات؛ ئەویش بریتی بووە لە سازکردن و بڵاوکردنەوەی زنجیرەدرامایەکی پێکەنیناوی بەناوی «روزهای ابدی» و بەناو دێکیۆمێنتارییەک بەناوی «لبە دوم تیغ» و کورتەفیلمێکی بەتاڵ لە مانا و ڕەهەندی هونەری و زانستی بەناوی «توکل» کە لە هەر سێی ئەم بەرهەمە تەلەفزیۆنییانەدا بێڕێزی بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە لە باشوور و ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە دیارەکانی بزاڤی کورد و پێشمەرگەی کوردستان کراوە. ئەوەیکە ڕوونە و حاشای لێناکرێ ئەو ڕاستی و کەتوارەیە کە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژەکوردی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکارییەوە هەڵیکوتاوەتە سەر هەر چەشنە ویست و دەنگێکی مافخوازانە و بەزیادەوە لەبەرانبەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە و بەپەڕی بێڕەحمییەوە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان و هێزە دادپەروەر و نیشتمانییەکان بووەتەوە . ئەمە تەنیا خەدەی کۆماری ئیسلامی نەبووە و نییە بەڵکوو ئەوە سرشت و ماهییەتی هەموو سیستەمە کۆنەپەرەست و دۆگماتیستەکانە کە بە پڕۆپاگەندای ڕوخێنەر و بە پەنابردن بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و هەوڵدان بۆ خەوشدارکردنی بزاڤە مافخوازانەکان هەوڵ دەدەن بیر و زەینی خەڵک ژاراوی بکەن کە ئەمە لە کانتێکستی شەڕی نەرمدا پێناسە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ؛ بەو جیاوازییەوە کە شەڕی نەرمی ئەمجارەی ڕێژیم بەرامبەر بە کورد شەڕێکی نەرمی زبر و سەختە، بەڵام بە دۆڕاوی دەستی پێ کردووە! ڕێژیمی دژەکوردی ئێران ساڵیانی ساڵە لەم ڕاستایەدا هەنگاوی هەڵگرتووە و کەم نین ئەو بەناو بەرهەمە سینەماییانەی کە گرووپە تایبەت و دیاریکراوەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات سازیان کردووە تاکوو لەلایەکەوە خەڵکانی غەیرەکورد تووشی فۆبیایەکی ساختە بەرامبەر بە کورد بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە نەسڵی نوێی کوردستان کە شارەزایی و ئەزموونێکی ئەوتۆیان لەسەر ڕابردووی پڕ لە شانازی گەلەکەیان نییە و نازانن کە تاران چ جینایەتگەلێکی لە کوردستان خوڵقاندووە، بەلاڕێدا ببەن. ئامانجێکی تری ڕێژیم لەم کارانە دەتوانێ هەوڵێک بێت بۆ کەلێن و مەوداخستنە نێوان خەڵکی کورد و حیزبەکانیان و سازکردنی بێمتمانەییەکی لە نێوان هەموو بەشەکانی کوردستاندا کە ڕوونە بۆ جێگیرکردنی هەستی خۆبەکەمزانینی نەوەی نوێی کوردستان ئەم کارە ئەنجام دەدات.

بەکورتی ئەگەر بمانهەوێ ئەنجامگیرییەک لەم پرۆسە بکەین دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە هەر وەک ئاماژەی پێکراوە فرەمەبەستە:

١- چاوترسێنکردنی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بە مەبەستی بردنەسەری تێچووی چالاکی شوناسخوازانە.

٢- پێشگرتن بە دژکردەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بە مەبەستی تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری.

٣- ئاژاوەنانەوە لەنێوان حیزبەکانی کوردی، بە مەبەستی بەگژیەکداکردن و زەربەلێدان لە خەباتی نەتەوەیی کورد.

٤- سەپاندنی سزای قورس بەسەر گیراوانی سیاسی ئەم دواییەی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

٥-سازکردنی فوبیایەکی زەینی لە نێو گەلانی غەیرەکورد.

٦- شێواندنی مێژووی کوردستان و بەلاڕێدابردنی بیر و فکری نەسلی نوێی ئەم ئاووخاکە.

٧- بوارخۆشکردنی زەینی لای خەڵکانی غەیری کورد بۆ پەلامار و هێرشێکی هەمەلایەنە.

## پەیڤ

### دووپاتەی خومەینی

کەریم پەرویزی

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، کاتێک هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی داڕێژەری یاسای بنەڕەتی لە دوای شۆڕشی دزراوی خەڵکانی ئێران کرا، لە پارێزگای ورمێ دوکتور قاسملوو وەکوو نوێنەری کورد و تورکی نیشتەجێی ئەو پارێزگایە دەنگی هێنایەوە، بەڵام خومەینی ڕایگەیاند کە گەر بێتە تاران ناهێڵین بڕواتەوە و ئێعدامی دەکەین.

ئەمە ئەوپەڕی ڕق و کینی ئایەتوڵایەکی کۆنەپەرست بوو کە قاسملووی بلیمەت وەکوو چقڵێک لە چاوی ئیدئۆلۆژییە وێرانکەرەکەیدا بوو و داهاتووی لە خومەینی لێڵ دەکرد.

ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە چلەی مردنی خومەینیدا، تێرۆریستە نێردراوەکانی ڕەفسەنجانی و خامنەیی، دوکتور قاسملوویان لە جەژنی قورباندا کردە قوربانیی مردنی جەللادی جەماران و بەم شێوەیە ویستیان قاسملوو لە کوردستان بسڕنەوە و لە ئێراندا هیچ قەڵایەکی بیرو باوەڕ لە بەرامبەریاندا خۆی ڕانەگرێ.

ئەو هەموو پیلان و دژبەرییەی کە بۆ دوکتور قاسملوویان هەبوو، یەک لە دوای یەک پووچەڵ کرایەوە و تەنانەت تێرۆری جەستەی دوکتور قاسملوو بوو بە هۆکارێک بۆ دەنگدانەوەی زیاتری بیروباوەڕ و خەباتی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە نەتەوەیی و دێموکراتە و نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێران و جیهانیشدا ڕێژیمە دەسکردەکەی خومەینیی ڕیسواتر لە هەموو کات کرد.

دوکتور قاسملوو، لە ژیان و خەباتیدا، بە هەموو تواناوە لە خزمەتی گەلەکەیدا بوو، بۆیەش ساڵانە بە هەزاران کەس لەو ڕێبازەدا دەڵێن: « قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە».

ئەم بەردەوامییەی قاسملوو لە هزر و یاد و لە نێو ڕۆحی نەتەوەیدا کە بەردەوام ڕۆڵەکانی ئۆگری ئەو ڕێبازە بە بڕوای پتەوترەوە پەیوەستی کاروانی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبن، ڕێژیمەکەی پاشماوەی خومەینیی نیگەرانتر لە هەردەم کردووە و دوای چوار دەیە پیلان و دوای سێ دەیە لە تێرۆری جەستەی دوکتور قاسملوو، ئێستا کەتوونەتە جەستەی بیر و هزر و یادی قاسملوو و بۆ ئەو کارە دزێوەشیان هەموو قەڵەمە بەکرێگیراوەکانیان وەگەڕ خستووە.

بە چەواشەکردنی چەند لاپەڕەیەک

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

هاونیشتمانیانی خۆشەویست
خەڵکی خەباتکاری کوردستان
حیزب و لایەنە سیاسییەکان

یادی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستانتان پیرۆز بێت. ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێت کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد دامەزرا و پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

کۆماری کوردستان لە دەرەنجامی بەرهەمی خەباتێکی مێژوویی و پڕ لە قوربانی و بەرخۆدانی گەلی کورد و قواستنەوەی بەربەرەکانێ و ململانێی نێوان زلهێزەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دروست بوو. لە کەشوهەوای ئەو ساڵانەدا کە جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بوو زۆر نەتەوە لە جیهاندا هەوڵی ئەوەیاندا لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران دەربچن، لە ئێرانیش کە دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، نەتەوەکانی ئەو وڵاتە کەڵکیان لەو بارودۆخە وەرگرت و کەوتنە هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان. گەلی کوردیش کە ساڵانێکی زۆر لە ژێر ستەمی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراندا بوو لەو دەرفەتە مێژووییەدا توانی ئەزموونێکی زێڕین بۆ خۆی تۆمار بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بە ئامانجی نەمانی ژێر دەستەیی و بەدیهێنانی ڕزگاری و سەربەستی، لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ – ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. کۆماری کوردستان ئامانجەکانی خۆی ڕاگەیاند کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا کە بریتی بوون لە کوردستانیبوون و شوناسخوازیی کورد بە باوەڕهەبوونی بە دێموکراسی بوو. کۆماری کوردستان ئەگەرچی تەمەنی کەم بوو و ١١ مانگ ژیا، بەڵام کارنامەیەکی درەوشاوە لە خزمەتکردنی خەڵک و سیاسەت و ڕوانگەی کۆمار بۆ دەسەڵات و داهاتووی وڵات هێندە پڕ و پڕبایەخە کە ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوە و وەدیهێنانەوەی کیانێکی سیاسی لەو چەشنە بین. ئەزموونی دەسەڵاتدارەیەی و ئیداری لەو کۆمارە ساوایەدا، بۆ هەر دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە سەردەمی ئێستاشدا، دەتوانێ جێگای لێ فێربوون بێ. ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی و ئایینی و پێکەوەژیانیان لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە یەکتر، باوەڕ بە ئازادیی بیروڕادەربڕین، گرینگیدان بە بووژاندنەوەی کولتوور و هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیی، خوێندنی بە خۆڕایی، هاندانی کچان بۆ خوێندن و بە ڕەسمی ناسین و جێبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر بۆ مندالانی کورد بەڵکوو بۆ کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە، برەوپێدانی گیانی وێکهەڵکردن لە نێوان دانیشتوانی شار و گوند و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و بە هێزکردنی کولتووری پاڵوێکدان لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پێشوازی و باوەشکردنەوە بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و بوار ڕەخساندن بۆ خزمەتکردنیان بەو کۆمارە، گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی میللیی ئازەربایجان و ئازەرییەکان و پێشنیاری هاوکاری و هاوپەیمانەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنی هاوبەش، لە ئەزموونە بە نرخەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەن. ئەم کۆمارە بە هەڵکردن و ڕەسمیەتدان بە ئاڵای کوردستان و داهێنانی سروودی نەتەوەیی و چەمکی پێشمەرگە، کۆمەڵێك بۆشایی لە گیان و هزری نەتەوەیی و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا پڕ کردەوە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە چاوی بایەخەوە لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و ئەم واقعە گرینگە مێژووییە دەڕوانێ و پێی وایە کە پێویستە بێ لەبەرچاوگرتنی سنووره فیکری و سیاسییەکان و بێ سەرنجدان بە جیاوازییە ئایینی، زاراوەیی و جۆغرافییەکان، لە دەوری فەلسەفەی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی کۆ ببینەوە. خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە کە لە سەرخاکی خۆیان و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا، مافی چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست. ڕوون و ئاشکراشە کە باوەڕ بەو مافە هەموو لایەکمان ئەرکدار دەکا گیانی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لە نێوخۆماندا چ وەک تاکەکانی کۆمەڵ و چ وەک هێز و لایەنە سیاسییەکان، هەر چی زیاتر بەهێزتر بکەین.

ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ٢ی ڕێبەندان دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی، لە ئاستی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکان و ناوخۆی ئێرانش توشی قەیران بووەتەوە. ئەم ڕێژیمە بەهەموو تەمەنی نگریسی خۆی دوژمنی هەموو گەلانی ئێران لەوانە گەلی کورد بووەو بە سیاسەتی سەرکوتو کوشتار هەوڵی بێدەنگ کردنی خەڵك و پێشێلکردنی مافەکانیانی داوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکانێکی زۆر بەهۆی سیاسەتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامییەوە گیراون و ڕاپێچی زیندان کراون و لە هەمانکاتیشدا لە ڕاگەیەنە ڕەسمییەکانی خۆیدا بە هەموو شێوازێکی بەردەست هەوڵی داوە سووکایەتی بە هێما و ڕەمزەکانی نەتەوەکان یەك لەوان نەتەوەی کورد بکات. ئەزموونی کۆماری کوردستان پێمان دەڵێت کە تەنیا بە هاوپشتی و یەکبوون مافەکانی گەلی کورد دەستبەر دەبێت و یەکگرتوویی تاکە ڕێگای ڕزگاربوونمانە و بە گرتنەبەری هەڵویستی شۆڕشگێڕانە و دەربڕینی هەستی نەتەوەیی لەم ڕۆژەدا سمبول و دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان بەرز بنرخێنن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٩**
**٢١ی ژانویەی ٢٠٢١**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری لەمەڕ پەلەقاژە تەبلیغییەکانی ماوەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی

جەماوەری تێکۆشەر و خۆڕاگری کوردستان

لە ماوەی ڕابردوودا دامودەزگا ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک پڕۆپاگەندەی تێلێڤیزیۆنی بە دژی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بە تایبەتی ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران کردووە، کە سەرانسەر پڕۆپاگەندەی پڕ و پووچ و بێبنەما و بە مەبەستی تێکدانی مێژووی پڕ لە شانازیی بەرەنگاریی میللەتی کورد و شکۆی حیزبەکانی بووە.

دیارە ئەم دیاردەیە بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامۆ نییە و هەمووان بە تایبەتی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان شارەزایی تەواویان لە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتگەلە هەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مەبەستی چەواشەکارانەی هەیە و دەیانهەوێ ڕوخساری بەرحەق بوونی جووڵانەوەی کورد بشێوێنن.

بەڵام دەبینین تا دێت ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران بە گشتیی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دەردەکەوێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەموو هەوڵی خۆی داوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە و بۆختان و شکاندنی کەسایەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و کەلێن بخاتە نێوان جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی کوردستانی ئێران بەڵام لەو کارەدا نەک سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو بە درێژایی ئەم مێژووە هەر دەم شکستی هێناوە.

هەر وەک باس کرا دەزگای تەبلیغات و ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی (صداوسیما) ئەو جارەش بە نیشاندانی ئەو بەرنامە تێلێڤیزیونییە لە ژێر ناوی (لبە دوم تیغ)بە قسەی خۆیان بە ئامانجی ڕۆشنگەری لە سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندەی هاوکاری بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی گوایە خەڵکی کوردستان لە ڕاستیی ڕووداوەکان و ناخی حیزبەکان بگەیێنن و بەخەڵکی کوردستان بڵێن ئەو حیزبانە ناتوانن جێگای ئومید وهیوا بن ، بەڵام خەڵکی کوردستان لەوە وریاتر و چاوکراوەترن کە بکەونە داوی ئەو جۆرە لە پڕۆپاگەندە لە دژی حیزبەکانی خۆیان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لە ماوەی ٤٢ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئەو پڕۆپاگاندانەی بە دژی ئەحزابی کوردستانی ئێران لەلایەن دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی کراوە، پێگەی ئەو حیزبانە لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەروا بەهێز ماوەتەوە و هەموو کات لە پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکاندا لە پشتی حیزبەکانی خۆیان ڕاوەستاوەن.

هەموو لایەکمان بە ئاشکرا دەبینین کە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەری حیزبەکانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندایە و کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان بەتەواوی نیگران ودەستەوەستانە و لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەو نیزامە دیاردەی هەژاری، بێکاری، سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدام، بێئێعتباری سیاسی و... لە بەرهەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی و ئەوە بەشی خەڵکی ئێران بووە.


دەسەڵاتدارانێک کە بە مەبەستی گەندەڵیی زیاتر و بە بەهانەی دژایەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا درێخی واکسەنی کرۆنا لە نەتەوەکانی ئێران دەکەن، ڕێژیمێک کە بە شاردنەوەی هەموو ڕاستییەکان لەوانە نەدانی زانیاری دروست لە سەر چۆنیەتی بەربوونەوەی تەیارەی ئۆکراینی لە سەر ئاسمانی تاران و گیانلەدەستدانی هەموو مۆسافیرانی، ڕێژیمێک کە بە درۆ و شاردنەوە لەسەر ئاماری گیانلەدەستداوان و تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنانەت لەسەر ژیانی خەڵکیش هەر درۆ و چەواشە دەکا، ڕێــــــــژیمێک کە هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی تێرۆر و تێرۆریزمی کردووەتە کەرەسەی مانەوەی خۆی و شەرعییەتی پێداوە، ناتوانێت بەم جۆرە پڕۆپاگەندە نزمانە بەر چاوی خەڵک لێڵ بکات و بۆ مانەوەی خۆیان چارەنووس و ژیانی هەموو دانیشتوانی ئێران بکەنە قەڵغانی پاراستنی خۆیان.

لە بەرەبەری بڵاوبونەوەی ئەو دیکۆمێنتارە لە دەنگورەنگی ئێران، دەزگاکانی ئیتلاعاتی کوماری ئیسلامی شاڵاویکی بەربەرینیان بۆ گرتن، ئێعدام و ڕاووەدوونانی تێکۆشەرانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە بەشە جۆراوجۆرەکان ئێران بە گشتی و کــــوردستان، بەلووچستان و ئەهواز بە تایبەتی وەڕێخستوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرتنی کۆمەڵێکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و بڵاوبوونەوەی ئەم پڕۆپاگەندانە لە یەک ئاراستەدا دەبینێ و خەڵکی کوردستان و ئێران وشیار دەکەینەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیـــــــــسلامی بۆ داپۆشینی سات و سەودای نوێیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی دەستی داوەتە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی خەڵکی مافخوراوی کوردستانی ئێران.

بەو مەبەستە کۆمەڵانی خەڵکی کـــــوردستان و ئێران دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا ئێمە لە ئامانجی پیرۆزمان دوورناخاتەوە بگرە خۆشەویستی حیزبە جەماوەرییەکانی کوردستان لە دڵی خەڵکی کورد زیاتر دەکات و لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئێمە بە درێژایی تـــــەمەنی کۆماری ئیسلامی باسمان لێ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە تا کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ئێران لە دەسەڵات دا بن نە ئێران ڕووی ئازادی و بەخــــــتەوەری بە خۆیەوە و دەبینێ و نە ناوچەکەش ئاسوودەیی و ئارامی.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**١٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی گیانلەدەستدانی پێنج کۆڵبەری کورد



پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە هەفتەیەک لەگیانلەدەستدانی پێنج کۆڵبەری کورد لە ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ سەرئەنجام تەرمەکانیان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە لە ژێر بەفر دۆزرایەوە و لە زێدەکانی خۆیان بە خاک سپێردران.

ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباری ئەمساڵ ئەو پێنج کۆڵبەرەی خەڵکی گوندی «کوران» سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆست بە ناوەکانی مۆلایی خودایی، فرات خودایی، مەتین ئەسڵانی، بیلەن ئەحمەدی و یاوەر ئەسڵانی لە گوندی «دریشک» سەر بە شاری وان لە باکووری کوردستان کەوتنە ژێر هەرەسی بەفرەوە و گیانیان لەدەستدا. گیان لەدەستدانی ئەم لاوانە کە یەکێکیان تەمەنی تەنها ١٨ ساڵ بووە، لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە هیچ هاوکارییەکی بنەماڵەی قوربانییەکانی نەکردوە و هێزە چەکدارەکانی تورکیش هەڕەشەی تەقەیان لەخەڵک کردوە کە بەهانای ئەو کۆڵبەرانەوە بچن. گیان لەدەستدانی کۆڵبەرانی کورد کە بۆ دەستبەرکردنی بژیوی ژیانی خانەوادەیان بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە، یەکەم جار نیە و تا دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی و هەژاری و بێکاریی خەڵکی کوردستان مابێت، بەداخەوە ئەم ڕووداوە جەرگبڕانە دووپات دەبنەوە. هەژاری و نەداریی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان لاوان ناچار دەکات بۆ بەدەستهێنانی نانی سفرەی خێزانەکانیان کاری مەترسیدار و تاقەتپڕوکێنی کۆڵبەری بکەن کە دەکرێت بە دابینکردنی تەنها بڕێکی بچووک لەو ملیۆنان دۆلارەی کۆماری ئیسلامی خەرجی پرۆژە سەربازییەکان و تاقیکردنەوەی مووشەک و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و پاڵپشتیی گرووپە تێرۆریستییەکانی دەکات، ژیانی سەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستان بەرەو باشتر بڕوات، بەڵام بەپێچەوانە کۆماری ئیسلامی نەک ئەوە ناکات بەڵکوو بە گوللەش بەرەوڕووی کۆڵبەرانی کورد دەبێتەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی بەبۆنەی گیانلەدەستدانی ئەو پێنج لاوە زەحمەتکێشە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاریان و خەڵکی کوردستان دەکات. داوا لە کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دەکەین لەبەرامبەر ئەم جۆرە کارەساتانەدا کە تەنیا کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسیارە بێدەنگ نەبن و هەڵوێستی مرۆڤانەیان دەربڕن.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی ڕێبەندان لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بە بەشداری وەفدی حیزبەکانی ئەندام لەو ناوەندەدا بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە چەند ساتێک ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ یادی سەرجەم شەهیدان و گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان و یادی ئەو پێنج کۆڵبەرە لاوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ناوچەی ورمێ گیانیان لەدەستدابوو دەستی پێکرد.

دواتر ڕاپۆرتی کاریی ئەم دەورەی ناوەند کە بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بوو خوێندرایەوە.

تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ شەپۆلی ئەم دواییەی دەستگیرکردن و بانگهێشتکردنی چالاکوانانی مەدەنی و ژینگەپارێزی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی، کە تێیدا بە ئاماژە بە چوونەسەرەوەی ئاماری گیراوەکان ، شێوازی دڕندانەی دەستگیرکردنیان و بێسەروشوێن بوونیان، ئەم هێرشە تازەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزوتنەوەی مەدەنی خەڵکی کوردستان قسە و باسی لەسەر کرا و ناوەند بڕیاری دا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەنێوخۆی کوردستان بۆ یەکدەنگیی زیاتری نێوان خەڵک و بزوتنەوەی مەدەنی و، پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەی گیراوەکان بخاتە گەڕ و بە هەموو شێوازێکی گونجاو لەبەرامبەر ئەم ڕەشبگیرییەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان پشتیوانی لە بنەماڵەی گیراوەکان و خەڵکی کوردستان بکات.

هەروەها بڕیاردرا لە دەرەوەی وڵات ئەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەقاو بدرێت و بە بەشداریی هەموو کوردانی دەرەوەی وڵات لە ڕێکخستنی کەمپین بۆ ئازادیی هەرچی زووتری گیراوەکان بەردەوام بێت و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە چەندین بە لگەنامەی کاری ناوەند قسە و باس و بڕیاری پێویستی لەسەر درا و لە کۆتاییشدا بەرپرسیاریەتی دەورەیی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە ڕادەستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کرا.

# وەفدی باڵای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە

لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەرپرسانی یەکەمی هەر چوار لایەنی سیاسی لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوە و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە کاری ناوەندیان تاوتوێ کرد. ڕۆژی سێشەممە ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ کۆبوونەوەی وەفدی باڵای ناوەندی هاوکاری بە شێوەی ئانلاین بەڕێوەچوو و بەرپرسانی وەفدی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەند تێیدا بەشدار بوون و چەندین بابەتی گرینگ و پەیوەندیدار بە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارەکانی ناوەند قسە و باسی لەسەرکرا.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە وتەکانیاندا تاوتوێی بارودۆخی ناوچەکە و ئێرانیان کرد کە تێیدا هەر چوار لایەن لەسەر ئەوەیکە ڕێژیمی ئێران لەپاش هاتنی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی هەمەلایەنەی ناوخۆیی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بەرەوڕووی قەیرانی تازەتر دەبێتەوە کۆک بوون. بە تایبەت قەیرانە ناوخۆییەکان زیاتر پەرە دەستێنێت و ناڕەزایەتی و ڕقی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران زیاتر گەشە دەکات؛ هەر بۆیە ئەرکی ناوەند لەم دەورەیەدا هەستیارتر دەبێت و بۆ ئەم مەبەستە مێکانیزمەکانی کاری چالاکانەی ناوەند جەختی لەسەر کرایەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها باس لە گرتن و زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانانی مەدەنی و ژینگەپارێزی کوردستان کرا کە لە ڕۆژانی رابردوودا لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر و ڕاپێچی گرتووخانەکان کراون، بەشداربووان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ناوەندی هاوکاری بە هەموو شێوازی گونجاو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و گرتنی ئەو چالاکانانە لەقاو بدات.

لە دیدارەکەدا هەروەها باس لە چەندین بواری کاری ناوەندی هاوکاری لەوانە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی ناوەند بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کرا و بڕیاری پێویستی لەسەر درا.

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە

چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان

لاوان، داینەمۆ و هێزی خەباتی ڕێکخراوەیی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی گەلی کورد، ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا نەتەوەی ماف زەوتکراوی کورد لە شاری مەهاباد لە ٢ی ڕێبەندان دا کۆماری کوردستانی بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و نەمر پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری زانا و لێهاتووی کورد ڕاگەیاند. دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ویستی ڕزگاری نەتەوەی کورد بوو کە لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم دا بە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەی کە لە ئاکامی شەڕی جیهانی دوهەمدا هاتبوو ئاراوە دامەزرا و توانی شوێندانەریەکی بێ وێنەیە لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلی کورد دابنێت. ئەو شوێندانەریە کە تا بە ئەمڕۆ کە جەژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆمار دەگرین بەردەوامە و توانی ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و چرای ڕێی خەباتی ئازادیخوازان و خەباتکارانی نەتەوەکەمان. بەرهەمەکانی کۆماری کوردستان وێڕای تەمەنی کەم و لە بەر گرتنی تەنیا بەشێک لە جوغرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە ڕووبەڕووی کۆماری کوردستان بوون بە ئەندازەیەک زۆر و دەگمەن بوون، کە بە بەرئاورد لە گەڵ هەر حکوومەتێکی دیکە دەردەکەوێت کە کورد لە ژێر چەتری حکومڕانی خۆی و هەوای ئازادیدا دەتوانێ وێڕای ژیانی ئازاد و هەنگاوەکانی پێشکەوتن و بوژانەوەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بگرێتە بەر و ببێ بە هیوایەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و بەڕێوەبردنی دێموکراتیکی وڵات. لە بەرهەمەکانی کۆماری کوردستان دەتوانین ئاماژە بە ناوی پێشمەرگە و ئاڵا و بوژاندنەوەی زمان و کەلتوری کورد و دابین کردنی ئاسایش و هەنگاوەکانی پەروەردەی و یەکسانی کۆمەڵگا هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان بکەین. ئەمڕۆ لە کاتێکدا جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەگرین کە یەکێک لە دامەزراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان واتە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی دەیەمی خۆی بە سەرکەوتووی و بە بەشداری لاوان و لە کەشێکی دێموکراتیک دا بەڕێوەبرد. لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەهۆی ستەمی بێ وێنەی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی وڵاتی ئێمە توشی سەدان و هەزاران قەیران کردووە و ژیانی پڕ لە نەهامەتی بۆ گەلی کورد و بە تایبەتی توێژی لاوان داهێناوە. لاوانی وڵاتی ئێمە وێڕای هەست کردن بە ئازارەکانی گەلی کورد هەست بە بەرپرسیارەتی مێژووی خۆشی بۆ خستنە گەڕی یەکگرتووانەی تواناکانامان بۆ ڕزگاری کۆتایی گەلەکەمان دەکات. لە ژێر هەستکردن بە ئەو بەرپرسیارەتیەدا ئێمە لاوان و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لە بەڕێوەبردنی خەباتی فرە ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی خۆمان دا وانەکانی کۆماری کوردستان و ئامانج و بەها پیرۆزەکانی بە چرای و ڕێگای خەباتی خۆمان دەزانین و لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە تێکۆشانی خۆمان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و ئەوڕۆییانە دەخەینە گەڕ و پەیمانی بەردەوامی خەبات تا گەیشتن بەو ئامانجانە بە شەهیدانی ڕێگای ئازادیخوازی گەلی کورد و لە سەروی هەموویانەوە نەمر پێشەوای زانا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کۆماری کوردستان دووپات دەکەینەوە.

**سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدان**
**پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان جێژنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان**
**سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد و بەدی بێ ئامانجی کۆمار و شەهیدان**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

هاونیشتمانیانی ئازیز!

ئەمڕۆ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان کە لەسەر بنەمای دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلە بەشخوراوەکەمان دامەزرا، تێدەپەڕێت. کۆمارێک کە ڕاستە تێرعەمر نەبوو و هەر بە ساوایی و دوای ١١ مانگ ڕووخا و کۆتایی پێ هات، بەڵام هەتاکوو ئێستاش نەوە بە نەوە یادیان بەرز ڕاگرتووە و وەک ئەزموون و دەسکەوتێکی نەتەوەیی لێی دەڕوانن و دەیپارێزن. هاوڕێیانی هێژا!

٧٥ ساڵ لەمەوبەر کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت زۆربەی ناوچەکانی دیکەی جیهانیش هێشتا دێموکراسییەتیان ئەزموون نەکردبوو. لەو سەردەمەی کە کۆماری کوردستان دامەزرا، ناوچە و تەنانەت کۆمەڵگای کوردستانیش، تەواو کۆمەڵگایەکی سوننەتی و چەقبەستوو و پیاوسالار بوو، و لەڕاستیدا ژنان خۆیان تەنها وەک کابانی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ دەبینییەوە و هیچ شارەزاییان تەنانەت بە مافە سەرەتاییەکانیان نەبووە. هەر ئەوەش وای کرد کە ئەو پرسە لەلای پێشەوا ببێ بە زەروورەت و هەنگاو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان هەڵێنێت. هەر لەو ڕاستایەدا و بۆ ڕەچەشکێنی، خێزانی خۆی واتە «مینا خانمی قازی»ـی وەکوو سکرتێری ڕێکخراو هەڵبژارد. ئەوەش بوو بە سەرەتایەک کە ژنان لە کۆماری کوردستاندا مافی خوێندن و بەڕێوەبەری و گەلێک مافی دیکەیان ببێت.

خۆشەویستان!

بەدڵنیاییەوە ئەگەر دوژمنان ڕێگەیان دابا و کۆماری کوردستان بەردەوام و بەرقەرار مابایەوە، ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا نەتەنیا مافی دەنگدانیان دەبوو، بگرە مافی خۆپاڵاوتن بۆ هەموو پۆستەکانیشیان دەبوو و هاوکاتیش پەروەردەی سەربازیشیان دەبینی.

دوای ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆ و لە ناوچەکەدا تووشی دەیان و سەدان قەیران هاتووە. بەتایبەتی دوای زیاترکردنی گەمارۆ ئابوورییەکان و سەرهەڵدانی نەخۆشیی کۆرۆنا، ڕێژیم وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی و بۆ شاردنەوەی کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی لە ناوچەدا، دەستی کردووە بە ئاژاوەگێڕی و لە نێوخۆی وڵاتیش دەستی کردووە بە ڕەشبگیری و دەسبەسەرکردنی چالاکڤانانی مەدەنی. ئەوەی جێگای سەرنجە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە کچان و ژنانە لە ڕیزی دەسبەسەرکراوەکاندا. بەڵام بەخۆشییەوە ئەوە نەتەنیا نەبووە بە بەربەست بۆ درێژەدان بەو ڕێبازە پیرۆزەی پێشەوا، بگرە ڕۆژ نیە لاوان و کچان پەیوەست نەبن بەو ڕێبازەی کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراوە.

**نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان**
**سەرکەوێ خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بەرز و پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٠ کوردی**

## سێمینارێکی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان سێمینارێک بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٥مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ئەم سێمینارە لەلایەن کۆمیتەی «زاگرۆس» سەر بە تەشکیلاتی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری کادر، پێشمەرگە و ئەندامان بەڕێوە چوو. ئەو سێمینارە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر « کەنێر مێهفەر» ئاماژەی بە تەوەری تایبەت بە سێمینارەکە کرد و پاشان «ڕووناک فەتحی «ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات و مامۆستا مەلا»حەسەن واژی» کادری سیاسیی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات هەرکام، تەوەری تایبەت بە سێمینارەکەیان پێشکەش بکەن.

سەرەتا « ڕووناک فەتحی» باسێکی گرینگی لە دامەزرانی کۆماری کوردستان وەکوو کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیک لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێک لە سەروەرییە نەتەوەییەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد و سەردەمی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەیە کە ئەمڕۆ هەموو گەلی کورد شانازی پێوە دەکەن کرد. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بیرکردنەوە لە ڕزگاری و ئازادیی ژن پێش ئەوەی باوەڕی کۆماری کوردستان بێ میراتێکی هزری پێشەوا قازی محەممەد بوو وەکوو ڕێبەرێکی مافخواز و مرۆفتەوەر.

پاشان مامۆستا» حەسەن واژی »باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر هۆکارەکانی دامەزرانی کۆماری کوردستان وهۆی ڕووخانی کۆمارە ١١ مانگەکەی کوردستان کرد. مامۆستا «واژی» لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری کوردستان لەو هەلومەرجەی ئەوکاتەدا، هەڵقووڵاوی کۆمەڵگای ئەو کات بوو.

ناوبراو ئاماژەی بە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان کرد کە ئەو دەستکەوتانە میراتی پێشەوا «قازی محەممەد»ن و ئێستاش پەیڕەویان لێدەکرێت. مامۆستا واژی لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە بیرکردنەوەی «پێشەوا قازی محەممەد» بەنیسبەت پرسی ژنان و بەشداری پێکردنیان لە ناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کرد. سێمینارەکە بە پرسیار و وڵامی بەشداربوون کۆتایی پێهات.

## پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە

هاونیشتمانیانی کوردستان!

چین و توێژەکانی کۆمەڵگا!

خوێندکاران و خوێندەڤانانی کوردستان!

بەبۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، لەسەر دەستی پێشەوای نەمر «قازی محەممەد» و هاوڕێیانی، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم کوردستانیانی ئازیز، خوێندکارانی زانکۆکان و ناوەندە ئاکادیمیکییەکانی کوردستان دەکەین.

زانکۆ و خوێندکار لە بەرنامە و بیری دامەزرێنەران و ئینتلێکچوالی کۆماری کوردستاندا بنەمایەکی دێموکراتیک و مودێرن بوو کە بە ناردنی یەکەمین خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات باوەڕیان بە ئەرکی مێژوویی خوێندکار وەک داینامۆی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگا و هێزی فکری و ڕۆڵی کاریگەر لەسەر پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی، بە مەبەستی بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی دەردەکەوێت. ئەمڕۆ بوونی خوێندکاران لە خەبات بەتایبەتی شاخ و لە مەتەرێزی پێشمەرگایەتییەوە، سەلمێنەری ئاڵاهەڵگریی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خوێندکارانە کە بە میرات لە کۆماری کوردستان وەری گرتووە.

خوێندکارانی خۆشەویست!

سیستەمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەقڵییەتی داگیرکارانە، هەوڵ دەدات دەست بەسەر هەموو جمگەکانی کۆمەڵگادا بگرێت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی و ستراتێژیی ئایدۆلۆژیکیی خۆی بگۆڕێت و کەس لە هەمبەر ئەو سیاسەتە نادێموکراتیکە دژەمرۆییانەدا متەقی لێ نەیەت. پاککردنەوە و سڕینەوەی دەنگ و ڕەنگەکانی کۆمەڵانی خەڵک تایبەتمەندیی بیری دوگم و ئێخلاقی مردووی داگیرکارە. لەم ساتە مێژووییەدا ئەرکی ئەساسیی خوێندکارانە لە بەرانبەر وەها سیاسەتگەلێکی سیستماتیکدا، بە پەرەدان بە وشیاری و ئاگاییی گشتی و هەوڵدان بۆ «پتەوکردنی هاوخەباتیی زانکۆ و شەقام و شاخ» و بە ڕێکخستنی بەرخۆدانی نەتەوەیی لە سەرتاسەری نیشتمان ئەرکی مێژوویی خوێندکار بەجێ بێنین، مێژوو سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە ناوەندگەرایی و بیری داگیرکاری لە جوغرافیای ئێراندا بەشێکە لە دەسەڵاتداری و پێکهاتەی سیاسی، هەر بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت پرسی کورد تەنیا چەوساندنەوە، سڕینەوەی شوناس و سەرەڕۆیی دەسەڵات، لەمەڕ داخوازیی نەتەوەیی کورد بووە. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ڕخنەگرانە و شۆڕشگێرانە درێژە بە خەباتێک بدەین کە ٧٥ ساڵ لەوەپێش دەستی پێکردووە و هەنووکە بەردەوامە؛ ئەرکی ئێمەیە کە دژ بە پڕوپاگاندە و عەقڵییەتی ناوەندگەرای سیستەم ڕاوەستین و ڕیشەی زوڵم و ستەم لە بن دەر بێنین.

هاونیشتمانیانی بە شەرەفی کوردستان!

هەروەک دەزانن کۆمەڵگاکەمان بە دەست بیری دواکەوتوو و شوڤێنیستییەوە دەناڵێنێت و هێشتا نیشتمانمان ڕزگار نەبووە و ڕۆژ نییە کە بێڕێزی بە کەرامەتی مرۆیی و نەتەوەییمان نەکرێت، کۆماری کوردستان ئەزموونی بەنرخی ژیانێکی ئازاد و سەربەستانە و بەدوور لە ژێردەستەیی بوو، بۆیە پێویستە هەموومان بۆ دووبارە بەدەستهێنانی ئەم سەروەرییە نەتەوەییە تێبکۆشین و کۆمار ببێت بە چرای ڕێگای بنیاتنانەوەی نیشتمانەکەمان.

سەرکەوێت خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان

بڕووخێت سیستەم و عەقڵییەتی خۆسەپێن و داگیرکارانە

**ڕێکخراوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**١ی ڕێبەندانی ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی**
**٢٠ی ژانویەی ساڵی ٢٠٢١ زایینی**

## درێژەی پەیف

و وەگەڕخستنی چەند قەڵەمێکی بەکرێگیراو و چەند کەسێکی نێو گۆڕەپانی دۆڕاوەکان، خەوش ناخرێتە سەر سیمای ڕێبەرێک کە تەواوی بەڵگەکانی دەزگا ئیتلاعاتی و سیخوڕییەکان گەڕان و چکۆلەترین ئاماژەیەک بۆ خەسار بۆ هیچ بەشێکی کوردستانیان تێدا نەدۆزییەوە.

دوکتور قاسملوو، دەیە بە دوای دەیە، داڕێژەر و دامەزرێنەری پێوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کورد بوو و لەو پێناوەشدا هەموو تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکان، شایەتی کار و لەخۆبردوویی و خەمخۆریی و بلیمەتیی ئەون و هیچ پێویست بە باسکردن و دیفاع کردن لێی ناکا، چوونکە نەتەوەیەک بەو ناوەوە وەجووڵە دەکەوێ و کۆشکی ستەمکارترین و تێرۆریستترین ناوچە بەو ناوە وەلەرزە دەکەوێ.

ئەوەی لەم کورتەنووسینەدا پێویستە بگوترێتەوە و مەبەستە، ئەوەیە کە لەم کاتوساتەدا پیلان و پەلەقاژەی شکاندن و ڕووشاندنی ناوی دوکتور قاسملوو، دووپاتبوونەوەی پەلەقاژەی شکستخواردووی خومەینی و شوێنکەوتووەکانیەتی کە تەنیا توانییان جەستەی قاسملووی ڕێبەرمان لێ بستێنن و لە ئاستی گەورەیی کەسایەتی و بیری ئەودا مێشوولەیەکن لە بەردەم قولەی قافا.

## ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو



هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بەبۆنەی ٧٥مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندان بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کادر و پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خۆلەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «کۆماری کوردستان میراتێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد بوو و یەکەمین کۆماری دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو و ئێستا هەر چوار بەشی کوردستان شانازیی بەم کۆمارە دەکەن». دواتر کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند سروودێکی بەبۆنەی ئەو ڕۆژە مێژووییە پێشکەش بەشداربووان کرد.

ئەم مەراسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگەکانی بەشدار کۆتایی پێهات.

## پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات نامەیەکی سەرئاوەڵای بڵاو کردەوە

پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ ڕەشبگیریی لاوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ڕابردوودا نامەیەکی سەرئاوەڵای ڕوو لە دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتانی ئوورووپایی بڵاو کردەوە.

لەم نامەیەدا وێڕای ئاماژەدان بە دۆخی خراپی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و زەبروزەنگی ڕێژیم بو سەر جیابیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، باسی ڕەشبگیریی لاوان لە چەند حەوتووی ڕابردوودا کراوە.


هەروەها لە نامەکدا هاتووە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بە جیددی نیگەرانی چارەنووسی ئەو لاوانەین و بەپێی ئەو ئەزموونەی لەگەڵ ڕێژیم هەمانە، دڵنیاین ئەم گیراوانە لە گرتووخانەدا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و گوشاری زۆر دەبنەوە.

لە نامەکەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات بو وەزارەتی دەرەوە، ئەندام پارلمان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی، داوا کراوە لەمەڕ ئەم دۆخە کە ڕێژیم لە کوردستاندا خوڵقاندوویەتی بێدەنگ نەبن و بە هەر جورێک بۆیان دەگونجێت هەڵوێست بگرن.

وێڕای ئەم نامەیە لیستەی ناوی هەموو ئەو گیراوانەش ڕادەستی دەزگا پێوەندیدارەکان کراوە.

# کورد و ئێران لە دوورەدیمەنەی هزری ڕێبەرانی نەمر

## دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕاشکاوی لە هەڵوێست و گۆڕانکاری لە ئەولەویەتدا



ئەلبورز ڕۆژین تەن

بەشی سێهەم و کۆتایی

دوای تیرۆرکردنی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو، لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، جێگری نەمر دوکتور قاسملوو واتە نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کرا، هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور سادق بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی دوژمن کە پێی وابوو دوای دوکتور قاسملوو حیزب بەرەو نەمان دەڕوا پڕبایەخ بوون. حیزب لەو ماوەیەدا بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر خەباتی نەتەوەیی و سەرەڕای خەسارێکی گەورەی وەک لەدەستدانی ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک دوکتور قاسملوو وێڕای بەردەوامی چالاکی و تێکۆشانی خۆی هەوڵی پێشخستنی زیاتری حیزبی دا. بەڵگەی ڕوون و دیاری ئەو ڕاستییە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی نۆیەم کە لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوودا دەستی بە کارەکانی کردبوو. لە ڕاپۆرتی بەپێزی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم کە لە لایەن دوکتور سادقەوە ئامادە کرابوو لە شیکارییەکی زانستی ئۆبژێکتیوانەدا بۆ دۆخی نێونەتەوەیی و ئێران و کوردستان هەروەها بە شرۆڤەی ڕوانگەی فیکری حیزب سیاسەتەکانی حیزبی بە باشی ڕوون کردبووە. لەو ڕاپۆرتەدا لە بەشی ڕوانگە و ڕێبازدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەڵوێستەکانی حیزب کە بەهۆی سەرکەوتنیشی دەزانێ «ئازایەتی و ڕاشکاوی لە گرتن و دەربڕینی هەڵوێست دا»١٢ دەزانێ.

واتە دەبێ ڕوون بێت کە ئێمە چیمان دەوێ، دەبێ گوتاری ئێمە بە ڕاشکاوی بە گوێی خەڵک بگات بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێمە بکات، هەروەها لە سەر ئەو بنەما ڕوون و ئاشکرایانە لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی هێز و لایەنی غەیری کوردی دابنیشین گفتوگۆ بکەین. ئەو شەفافیەتە دەتوانێ پێگەی بەهێزی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەهێز و بەهێزتر بکات.

یەکێک لە گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان کە لەو ڕاپۆرتەدا بە ئاشکرا دەبینرێت، وەپێشخستنی مافی نەتەوەیی بە سەر دێموکراسیدایە، پێشتر پێداگری زیاتر لە سەر دروستبوونی دێموکراسی بۆ ئەوەی مافی گەلی کورد کە ئەوکات لە چوارچێوەی خودموختاری بوو دەکرا بەڵام لە بەشی ڕوانگە و ڕێبازی ئەو ڕاپۆرتەدا دەبینین دابینبوونی مافی نەتەوەیی بە نیشانەی دێموکراسی و تەنانەت پارێزەری دێموکراسی هەژمار دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «لە هەلومەرجی ئێرانێکی دێموکراتیدا کە نیهادە دێموکراتییەکان وەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەهێز و بەنفووز، سەندیکاکان، کۆمەڵەی جۆراوجۆری سینفی و فەرهەنگی .... هتد ساز و سەقامگیر نەبوون خودموختاری بێگومان نیهادێکی زۆر گرینگی پارێزەری دێموکراسی و وەک کۆسپ لە ڕێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆریدا دەتوانێ شوێنی کاریگەر دابنێ» ١٣

لە یەکەم نیگادا لەوانەیە وا لێک بدرێتەوە کە ئەو دوو بابەتە واتە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی کورد لە ئێران پێکەوە بەستراون و ئەگەر دێموکراسی هەبوو ئیتر حەتمەن مافی نەتەوایەتی کوردیش دابین دەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە چونکە ئەزموونی عێراقی ئێستا و تورکیە کە نەتەوەی کوردی تێدا دەژی بە باشی دەریدەخات کە دێموکراسی بە مانای دابینبوونی مافی نەتەوایەتی نایەت و بەتایبەت ئەگەر بچینە نێو باسی جۆرەکانی دێموکراسی و تەفسیری جیاواز و بەتایبەتی شیکردنەوەی زۆربەی ڕێکخراوەکانی ناوەندگەرا و نەتەوەی فارس بە نیسبەت دێموکراسی ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

هەر بۆیەش دەبێ دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کورد ئەسڵ بێت و پێش بخرێت چونکە بە دابینبوونی مافی کورد بەدیهێنانی دێموکراسی واقعبینانەتر دێتە بەرچاو هەر بۆیەش لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم نیهادی خودموختاری وەک مافی نەتەوەیی بە پارێزەری دێموکراسی و کۆسپ لە ڕێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆری دەزانێ. ئەو بابەتە بە نیسبەت داهاتووی ئێران زۆر گرینگە چونکە پێداگری لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانمان واتە دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنوسی گەلی کورد لە کوردستاندا بەدیهاتنی دێموکراسیشە بۆ ئێران. پێویستە ئەم گوتارە و پێویستییەکانی ببێ بە هەڵوێستی ئاشکرا و ڕوونی حیزب بۆ چارەسەری پرسی کورد کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی دێموکراسی بۆ ئێران بەتایبەتی کە تەنانەت کاریگەری لە سەر هەموو ناوچەش دادەنێت.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا زۆر کەلێن و بەری خەباتی شرۆڤە کردووە و باس لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە و هەوڵەکانی حیزب لەو بوارەدا دەکات و وێڕای شیکردنەوەی هۆکارەکانی پێکنەهاتن و پێویستییەکانی پێکهاتنی بە ئاشکرا دەڵێ: « هەمووومان پێکەوە ئەگەر لە سەر بناغەیەکی پتەو و چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراودا ئەم بەرە دانەمەزرێنین لەوانەیە نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگا، بەڵکوو ئاکامەکەی شتێکی زۆر خراپتر لە ئاو بێتە دەر. کەوابوو ئێمە ناتوانین لەگەڵ ڕێکخراوێک هاوکاری و هاوپەیمانی بکەین، یان بچینە نێو بەرەیەکەوە کە پشتیوانی لە خودموختاری کوردستان و بە گشتی داخوازە میللییەکانی گەلانی ئێران نەکا.»١٣

ئەو ڕاشکاوییە لە دەربڕین و دیاریکردنی هێڵی سیاسی لەمەڕ پرسە نەتەوایەتییەکانمان بنەمای سەرکەوتنمان لە داهاتوودایە چونکە زۆرن ئەزموونی هاوشێوە کە کورد هاوکاری زۆری ئۆپۆزسیۆنی داوە بەڵام دواتر هەر ئەو ئۆپۆزسیۆنە دژی مافە نەتەوایەتییەکان وەستاونەتەوە؛ عێراقی ئێستا نموونەیەکی جێگای سەرنجی ئەو بوارەیە. هەروەها لە ئێستادا و بە وانەوەرگرتن لە ئەزمونی چەند دەیە خەباتی ڕابردوومان پێداگری لە سەر دابینکردنی ئازادی کورد بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنوسی کورد وەک هێڵی ئەساسی سیاسەتی ئێمە، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هەر ڕێژیمێک کە دەیهەوێ لە داهاتوو دەسەڵات بەدەست بگرێ بناغەی سەرکەوتنمان هەژمار دەکرێ.

شایانی باسە لەو ڕاپۆرتەدا بۆ خەبات لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێنانە بەرباسی دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ کورد بە گرینگ و تەواوکاری خەبات لە نێوخۆی کوردستان دەزانرێ. پێم وایە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێنانە بەرباسی خەبات بۆ ئازادی گەلێک تا بتوانێ بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات زیاتر دەتوانێ بەردەنگ بدۆزێتەوە. چونکە داوای دێموکراسی و هتد بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێئالیتەی پەیوەندی نێونەتەوەیی وەک باسێکی نێوخۆیی لێک دەدرێتەوە.

ئەو تێڕوانینە بۆ خەبات و ڕاشکاوییە تەنیا لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا قەتیس نەماوەتەوە بەڵکوو دوکتور سادق لە دوایین سەفەری بێ گەڕانەوەی خۆیدا لە دوایین وتوویژی لەگەڵ عەلی کشتگەر لە ڕۆژنامەی فیدایی لە سەر بەرنامەی حیزبی دێموکرات دەڵێ:

«کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەک کە هەموو خەڵک بتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەرببڕن و چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی ڕەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتی ئەوان خۆی دەنوێنی. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەسڵەکانی دیکە) دیاری دەکەن کە ویستەکانیان بە چ شێوەیەک دەبێت.»١٤

لێرەدا جارێکی دیکە بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە نەسڵەکانی دیکە ویستەکانیان دیاری دەکەن هەر بۆیەش ئێمە وەک نەسڵی دیکە ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەمان دەکەوێتە سەر شان کە داڕێژەری ئەو ویستانە بین، بە خۆشی و شانازی گەورەوە ئێمە مامۆستایانی گەورەی وەک پێشەوای نەمر و دوکتور قاسملوو و دوکتور سادقمان هەبووە کە لەژێر تیشکی بیر و هزری ئەوان بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستامان دەتوانین لە چوارچێوەیەکی وەک حیزبی دێموکرات کە هەمیشە بەرپرسانە و واقعبینانە جووڵاوەتەوە ئەرکی خۆمان لەو بوارەدا بەجێ بگەیەنین.

لەو وتوویژەدا دوورەدیمەنی داهاتووی کوردستان زۆر بە باشی ڕوون کراوەتەوە و لە سەر پێکهێنانی بەرەو بابەتی دیکە ئەوەی بە ڕوونی جەختی لێکراوەتەوە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ «سەبارەت بە مافی خەڵکی کوردستان تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ.»١٥

لە بەشێکی دیکەی ئەو وتوویژەدا دوکتور سادق بەپێی خسڵەتی تایبەتی و تایبەتمەندی حیزبی دێموکراتیش بێت لە سەر هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕوناکبیرانی نەتەوەی فارس بە ڕاشکاوانە دەڵێ: «کەسێک کە ئیدعای دێموکراسی دەکات و ئامادە نییە مافە دێموکراتیکەکانی کوردستانی من قبوڵ بکات، من بە دێموکراتی نازانم و بە ئازادیخوازیشی نازانم و ناتوانم هاوکاری بکەم. چۆن هاوکاری لەگەڵ کەسێکدا بکەم کە هێشتا ڕێژیم نەڕوووخاوە، ئەو دژ بە ویستە دێموکراتیکەکانی من ڕادەوستێ. دەبێ و پێویستە کە ئەم بەرەیە خۆی لە دروشمی «هەموو پێکەوە» دەرباز بکات.»١٦

ئەمڕۆ دوای چەند دەیە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژەی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی حکومەت و نارەزایەتی خەڵک لەوپەڕی بەرزی خۆیاندان و بە تێپەڕبوونی زەمان لە نەمانی ڕێژیم نزیک و نزیکتر دەبینەوە باسی داهاتووی ئێران زیاتر دەکەوێتە بەر باس و گفتوگۆ، دەبێ زیاتر ( یا لانیکەم بە ئەندازەی ) ڕووخانی ئەو ڕێژیمە داهاتووی ئێرانیش بە تایبەتی بۆ کورد گرینگ بێت، لە بەر ئەو گرینگییە ئێمە بۆ دابینکردنی ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێوخۆدا دەبێ یەکڕیزی و بوون بە «هێزی شوێندانەر» کە لە بەرنامەکانی حیزبدا خۆی دەبینێتەوە و بە ناوی ڕاسان گەشەی کردووە پەرە پێبدەین و لە ئاستی دەرەوەشدا پێداگرییەکی ڕاشکاو لە سەر دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووسی کورد چ بۆ پێکهێنانی بەرە و چ لە بەرانبەر تاراندا بکەین، هەروەکوو دوکتور سادق دەڵێ تەنیا ئیدیعاکردن بە دێموکراسی بەس نییە بەڵکوو دەبێ ئامادە بن ویستەکانی نەتەوەی کورد قەبوڵ بکەن ئەو کات ئێمەش بۆ هەماهەنگی و هاوکاری ئامادە بین.

### کۆبەند

دوورەدیمەنی هزری ڕێبەرانی نەمر پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق بەتایبەتی بەگوێرەی دوایین دوکیۆمێنتەکان کە لە دوایین ساڵ و ساتەکانی ژیانیاندا تۆمار کراون پێداگری هەرچی زۆرتر لە سەر ویستە نەتەوەییەکانی کورد و وەپێشخستنی ئەو ویستە ڕەوایە بووە، لەلایەکی دیکەوە لە شوێنی جیاوازدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە دەبێ جیلەکانی داهاتوو بۆ خۆیان لەمەڕ داهاتووی خۆیان بڕیار بدەن، لێرەدایە کە بەرپرسیارەتی قورسی ئێمە لە ئێستادا دەردەکەوێ و دەخوازێ کە لەم سەردەمەی ئێستادا لە ژێر تیشکی وانەکانی ڕێبەرانی نەمرمان بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستا بەتایبەتی لە بواری پێکهێنانی بەرە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ڕێژیمی داهاتووی ئێران هەڵوێستی خۆمان سەرەتا بە ڕوونی و ئاشکرا دەرببڕین دواتر شێلگیرانە خەبات بۆ دابینکردنی ئازادی بۆ کورد بکەین بۆ ئەوەی ئازادانە بڕیار لە سەر داهاتووی خۆمان بدەین. لە ئاستی ئێرانیدا بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی و دێموکراتیکبوونی ئێرانی داهاتوو بە دابینبوونی مافی بڕیاردان لە چارەنووس و ڕێزگرتن لەو مافە وەک بنەما و بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی بزانین و لەئاستی نێونەتەوەییشدا باس لە پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیەک کە دەیهەوێ ئازاد بێت بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات شرۆڤە بکەین.

پەراوێزەکان

١. یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان عەبدولا ئەحمەد ڕەسول پشدەری

٢. حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤییەتیدا چاپی سێیەم نەوشیروان مستەفا

٣. گەشتێک بە کۆماری مهاباددا عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی

٤. هەمان سەرچاوە

٥. شەوێک و خەوێک بستووی ژیان محەمەدی نووری پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەدین ئاشتی

٦. پەیوەندی ئێران و تورکیە و مەسەلەی کورد ڕابرت ئیلسن

٧. گزارش کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران به کنگره هشتم

٨. دوایین دیدار و لێدوانی شەهید دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٨ کاوس عەزیزی
٨C٪DB٪A٧٪D٨٪٨٨٪AF٪D٩٪D٨٪/٠٤/٢٠١٩/https://www.rabari.org/wp-content/uploads
٪٨E٪D٨٪DB٪٨٤٪D٩٪-٨٨٪D٩٪-B١٪D٨٪A٧٪AF٪D٨٪٨C٪D٨٪AF٪DB٪D٨٪-٨٦٪٨C٪D٩٪٪DB
AF٪D٩٪AF-٪D٨٪٨C٪D٨٪DB٪٨٧٪D٩٪٩٥٪DB٪B٤٪٨C-٪D٨٪DB٪٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٨٪AF٪D٩
.٨٨٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٩٪B٣٪D٨٪A٧٪D٨٪٨٢٪D٩٪-B١٪D٨٪٨٨٪AA٪D٩٪D٨٪DA٪A٩٪٨٨٪
pdf

٩. به عبارت دیگر: گفتگوی پخش نشده با عبدالرحمن قاسملو
https://www.youtube.com/watch?v=SGsfvkcMn٨U&list=PLXR_QrAZGHeFTj-
٤=index&rwogz٩٨QS٣aSOrJdJ٤

١٠. صداهای ناشنیده از آخرین لحظات ترور ڕهبران کرد در وین ژیار گل بی‌بی‌سی
٤٩٠٠٧١٣٧-https://www.bbc.com/persian/iran-features

١١. تراژێدیای کورد، ژێرار شالیان، وەرگێران وریا ڕەحمانی.

١٢. ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی نۆیەم

١٣. هەمان سەرچاوە

١٤. شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی کۆکردنەوە و وەرگێڕانی سمایل شەرەفی

١٥. هەمان سەرچاوە

١٦. هەمان سەرچاوە

# بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە



ئیبراهیم لاجانی

بەشی سێهەم

### چۆن ئەو خەباتە بەرینە پێش؟

خەباتی ئێمە بەرە و سەنگەری جۆراوجۆری هەن. یەکێک لەو مەیدانانە بریتییە لە خەبات لەگەڵ کەموکوڕییەکانی خۆمان. ئەوە بەرەیەکی تازەیە و دەبێ لەمەودوا زۆری بایەخ بدەینێ. بە تایبەتی لە تەشکیلات و حیزب و ڕیزەکانی بزووتنەوەکەماندا؛ لەنێو خەڵکی خۆماندا؛ دەبێ لەگەڵ خۆمان بەرەوڕوو بین؛ پالایشی دەروونی بکەین؛ سەفەر بکەینە ناخی خۆمان، تەنانەت ئەگەر تووشی ڕشانەوە و بێزلەخۆکردنیش بین؛ خۆمان بدەینە بەر نەشتەرگەری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.

بە زەین و بیرێک کە ئامادەیە بیربکاتەوە و شک بکات و زەڕەبین بخاتە سەر هەموو نوختەیەک لەگەڵ خۆمان بەرەوڕوو بین. بێ ڕیاکاری و پێوانەی دووگانە. ئامادەی قبووڵکردنی مەسئولیەتی کاروکردەوەکانی خۆمان بین. ئامادەی دوورخستنەوەی ئەو کاروکردەوانە بین لەخۆمان کە زەمان دیمۆدەی کردوون و هەموو دەزانین کە دەبێ لەخۆمانیان دوور بخەینەوە. ئەوەش ئەوکاتە ئیمکانی هەیە کە هەموومان وەک هاووڵاتی کوردی خاوەن حەق وحقوق، بێ هیچ جیاوازیدانانێک، لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت بکەین. مافە سرووشتییەکان لەگەڵ لەدایکبوونی ئینساندا بۆی پەیدا دەبن و کەس ناتوانێ ئەو مافانەی لێوەرگرێتەوە. لەو خەباتەدا هەموو خاوەن ماف و بەشدارین و کەس مافی مۆنۆپۆلکردنی خەبات و تێکۆشانی نییە.

پێویستە لە نێوان خەبات و تێکۆشان و ڕق و قیندا جیاوازی دانێین. خەباتی درووست بە دژی هیچ کەس و هیچ شتێک نییە. خەباتی درووست بۆ وەدەستهێنانی داخوازییەک، شتێک، ویستێکە. ڕاستە هەندێ جار بۆ وەدەستهێنانی شتێک دەبێ لەگەڵ شتێک شەڕ بکەی، بەڵام ئەوە هەدەفەکە نییە. نابێ مەسەلە بنەڕەتی و ئامانجە ئەسڵییەکەمان لە بیر بەرێتەوە. ئێمە ئازادی و ڕزگاری میللەتی خۆمانمان دەوێ. ئەو ئامانجە بایەخی ئەوەی هەیە فیداکاری بۆ بکەین. ئەوەش بە لافلێدان و درووشمدان جێبەجێ نابێت. پێویستی بە کاری سیاسی درێژخایەن و ڕەفتاری سیاسی درووست هەیە. هیچ ڕێگای دیکەمان نییە. دەبێ سیاسەتی کوردی لە چنگی ململانێی دواکەوتووانە و عاتفی و دەمارگرژانە و موتەعەسبانە، خێڵەکی و فەردی لۆکال پاتریۆتیزم ڕزگار بکەین.

بێدارییەکی تازەمان پێویستە. دەبێ هەموو شتێکی خۆمان نوێ بکەینەوە، لە زمان و ئەدەبیاتی سیاسی و فەرهەنگ و کولتوور و ڕەفتار و جلوبەرگ و خواردن و سفرە ڕازاندنەوە و حیزب و سیاسەتەوە بگرە تا دەگاتە پێوەندییە بنەماڵەیی و ڕەفتار و هەڵسوکەتی ڕۆژانەمان. پرەنسیپی نوێبوونەوە و مۆدێرنبوون ئەوەیە کە باوەڕ بە دیالێکتیکی ئاڵوگۆڕ بێنین. یانی سێلف، واتە خودێک کە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە، بەڵام هەر خودیش دەمێنێتەوە. ئینسان لە منداڵییەوە لە حاڵی گۆڕان و چوونەپێشدایە، بەڵام هەر خۆیەتی.

ئەوەش بەو مانایە نییە کە ڕابردوو و مێژوومان فڕێ دەین یان بە کەمیان بگرین. ئەوان بەشێک لە مەوجودیەتی ئێمەن بەڵام چارەنوسی ئێمە نین؛ ئێمە وەک میللەتی کورد مەوجودێکی زیندووین. دەبێ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومان هەبێت. نابێ چیدیکە پاشماوەی ڕابردوو بین. مەزڵووم و قوربانی و غەدرلێکراو بین.

کاکڵی بەخۆداچوونەوە ئەوەیە کە توانای ڕەخنە لەخۆگرتن لە خۆماندا بەهێز بکەین. لە بیروبۆچوونە سواوەکان دوور کەوینەوە. توانای بتشکێنی لەخۆماندا درووست بکەین و لە ئیمامزادەسازی دەست هەڵگرین. هەموو مۆدێرنیتە لەوەدا پوختە دەبێتەوە.

دەبێ لە سیاسەتدا خێری گشتی لە پێش هەموو ئیعتبارێکی دیکەوە دانێین واتە قازانج و بەرژەوەندییە میللی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بۆ ئێمە ئەستێرەی ڕێنیشاندەر واتە گایدینگ ستار بن.

تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە بە گشتی و بەتایبەتی ڕێبەریی ئێمە دەبێ گوێمان بە دیواری کوردستان و میللەتی خۆمانەوە بێت. هەرچی لەوان و نێو ئەوان نزیکمان دەکاتەوە و بەوانمانەوە باشتر گرێ دەدا، دەبێ لێی نەپرینگێینەوە با هەزینە و ڕیسکەکەشی لەسەرەوە بێت. سیاسەتی درووست ئەوەیە. ئێمە هەناسەمان لەوان وەردەگرین.

دۆلفینەکان وەک ئێمە پاتەدیرن. بۆ ئەوەی بژین و ڕاو بکەن دەبێ بێنە سەر دەریا و تێر هەوا وەرگرن و بڕۆنەوە بن دەریا بۆ ڕاو و ژیان و چالاکی. ئەوان ناتوانن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەناسە وەرگرن. دەبێ هەمیشە وشیاربن و لە سەر هەست بن و بە ئاگا بن تا هەناسەدانیان لەبیر نەچێ بۆیە لە کاتی نوستنیشدا بەنۆرە هەرجارەی لایەکی مەغزیان دەخەوێ و لایەکەی دیکە وەک کێشکچی بەخەبەر دەبێت تا هەناسەدان و هەواوەرگرتنیان لەبیر نەچێ. چونکە هەموو مان و مەوجودیەت و ڕاو و گەڕان و زاوزێ و چالاکییەکانی دیکەیان بەوەوە بەستراوەتەوە. ئەوان بۆ هەواوەرگرتن دێنە سەردەریا. من ئەو سەحنانەم لە ئوسلۆ فیۆردن دیوە. لەسەرەخۆ و هێواش دەخەون و هەناسە دەدەن بەڵام تەنانەت لە کاتی خەوتنیشیاندا، لایەکی مەغزیان هەر بەخەبەرە نەکا هەناسەدانیان لە بیر بچێ. ئێمە دەبێ ئەو تکنیکە، ئەو هونەرە لە دۆلفینەکان فێربین و قەت لەبیرمان نەچێ کە دەبێ هەناسە لە میللەتی خۆمان وەرگرین و بە ئاگاییشەوە ئەوە بکەین دەنا لە نێودەچین. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە گیانی خۆی دانا.

پێویستیمان بەوەیە بە عەقڵێکی سەلیم و سنگ فراوانی و تۆلێرانسێکی زیاترەوە سیاسەت و کاری سیاسی و حیزبایەتی بکەین. پێویستە لە داوی وشکبیری، کوێرزەینی و دەمارگرژی و یەکدەندەیی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی و حیزبی بێینەدەر. حیزب و تەشکیلات وەک دوکتور شەرەفکەندی دەیگووت بۆ ئێمە تەنیا وەسیلەی بردنەپێشی خەباتی میللەتەکەمانن و بەس. نابێ بهێڵین سیاسەتی کوردی بکەوێتە دەستی کەسانی بێ ئووسول و هەلپەرست و بێفەرهەنگ و سینیک و دووکانداری سیاسی.

ئەگەر مەبەست لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبی بۆ ئێمە تەنیا هەر بریتی نەبێ لە چوونە سەر کورسی دەسەڵات و مانەوە لەسەر سەندەڵی دەسەڵات، دەبێ تێبگەین کە لە هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتدا، پێویستیمان بە داهێنان و ئینۆڤەیشن و نوئاوەری و جیاوازبوونە. دەبێ دلێری و ئازایەتی ئەوە لە خۆماندا پەروەردە بکەین کە لە هەموو زەمینەکاندا خۆمان چەڵێنج بکەین و ئەگەر پێویست بێ تەنانەت لەگەڵ خرەدی موتەعارف واتە (کۆنڤێنشونەڵ وایزدووم) یش بەرەوڕوو بین و بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕووبارەکە مەلە بکەین.

میللەتانی ئورووپایی بۆ ئێمە گەورەترین سەرمەشقی لێفێربوونن بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان. ئەوان چوارسەد ساڵە هەموو ئەو ڕێگا و میتۆدانەیان تاقی کردوونەتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین بە ئاسانی دەکاریان کەین و لەوانیشدا داهێنان بکەین. بەتایبەتی لە فەرهەنگ و سیاسەتدا دەبێ خانەتەکانیەکی گەورە دەست پێبکەین. دەبێ ئەو بڕوایە لە میللەتی خۆماندا دروست بکەین کە ئێمەش دەتوانین بگەینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دیکەی دونیا.

پێویستە لە چوارچێوەی ئوسولەکانی خۆماندا ، ئاسۆی تازە بەسەر خۆمان و میللەتەکەماندا بکەینەوە. ئەوە ئەرکی تەشکیلاتێکی پێشڕەوی وەک حیزبی ئێمەیە.

کورد دەبێ ئەو مێژووە و ئەو ژێئۆپۆلیتیکەی عەرەب و عەجەم و تورک بەسەریاندا سەپاندووە بشکێنێ. مێژووی چەندسەدساڵەی ئێمە، بریتییە لە مێژووی ژێرچەپۆکی و چەوساوەیی وغەدرلێکراوی و مەزڵوومی و قوربانیبوون. دووژمنانی ئێمە دەیانهەوێ ئەوە وەک چارەنوسی حەتمی ئێمە دەرخواردی خۆمان و دونیا بدەن.

ئەوە چارەنوسی ئێمە نییە. چارەنوسی حەتمی ئێمە ئازادی و ڕزگاری کورد و کوردستانە. ئەگەر بۆ خۆمان مل نەدەین بەو چارەنوسەی عەرەب و عەجەم و تورک ویستوویانە و دەیانهەوێ بەسەرماندا تەحمیلی کەن، دونیا گلۆباڵی سەردەم بەو هەموو توانایەوە کە هەیەتی لە پشتیوانی ئێمەدایە. ئەوەتا ئیسرائیل هەر لەو ناوچەیەدا توانیویەتی چارەنوسی خۆی دیاری بکات. ئێمە ئەو مێژووە دەشکێنین.

ژێئۆپۆلیتیک و ژێئۆستراتیژی کوردیش هەردەبێ تێک بشکێنین یانی شوێنەواری جوغرافیا لەسەر سیاسەتی خۆمان. لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر ژێئۆپۆلیتیک فۆرمی بە سیاسەتی کورد و تەنانەت چارەنوسی کورد داوە. کوردستان و کورد لە ژێر تەئسیری شەڕ و ململانێی سیاسی و مەزهەبی و تائیفی ڕاستەوخۆ و کێشە و بەرخوردی قازانجە سیاسی و ئابووری و نیزامییەکانی عەجەم و عەرەب و تورکدا بووە. ئەوە وای کردووە کە سیاسەتی کوردی و تێکۆشەرانی کورد و خەباتگێڕانی کورد چ لە ڕووی ناچارییەوە یا لە ڕووی قازانج و بەرژەوەندی شەخسی و بنەماڵەییەوە هەرکامیان مەیلیان بۆ یەکێک لەو جەمسەرانە هەبێت. ئەمڕۆ میللەتی ئێمە و هێزە سیاسییەکانی پوختەتر و لێوەشاوەترن. ئەگەر هەرکاممان تێکۆشین ڕێز لە یەکتر بگرین و لەسەر ئەساسی قازانجەکانی نەتەوەی کورد دیالۆگ بکەین و پلۆرالیزم و واقعبینی سیاسی لەبەرچاو بگرین، دەتوانین بگەینە هاوڕایی و هاوکاری و هاوهەنگاوی.

بەو جۆرە دەتوانین ئەو ژێئۆپۆلیتیکەی بەسەرماندا سەپاوە تێکشکێنین و لەو نێوەدا بە هاوکاری ئەو زەرفیەتانەی گلۆبالیزم لە ئیختیار خەباتی میللەتانی چەوساوەی وەک ئێمەی ناون، سەرکەوین. هەر لەو چەند دەیەی ڕابردوودا دیتومانە زۆر میللەتی دیکە نیری ئەسارەت و ژێردەستیان لە ملی خۆیان داڕنیوە و ئێستا ئەندامی کلوبی میللەتانی ئازاد و سەربەخۆن. ئەوە بۆ ئێمەش مومکینە.

بۆیە زۆر گرنگە بڕوا بە تواناکانی خۆمان و میللەتی خۆمان بێنین. خۆمان و سیاسەت و خەباتمان لە تەونی تیئوری پیلان ڕزگار بکەین.

ئەوە کە پێمان وایە هەرچی لەو دونیایەدا، لەو ناوچەدا، لە کوردستاندا، ڕوو دەدا، ئاکامی نەخشەی دوژمنان و پیلانی زلهێزەکان، دەوڵەتەکان و ئەم و ئەوە. دەبێ بزانین ئەگەر بۆ خۆمان نەمانهەوێ، یان زەمینەمان تێدا نەبێت، هیچ پلانێک لەسەر ئێمە جێبەجێ نابێت. تەنانەت ئەگەر پیلانیش لەگۆڕێدا بێت، بەو مەرجەی ئاگا و وشیار و چاوکراوە بین دەتوانین پوچەڵی کەینەوە.

سیاسەت و حیزبایەتی و کاری سیاسیمان سیکۆلاریزە بکەین واتە خۆمان نەخەینە داوی مەزهەب و دین، مەزهەب و دین وەک شتێکی ڕۆحی و شەخسی تەماشا کەین و تێنەکۆشین دین و مەزهەب بکەینە وەسیلەی پاکانە و بردنەپێشی خۆمان و بەرنامەکانمان. دین خۆی لە خۆیدا هیچ شتێکی بەدی تێدا نییە. دین پردێکە، شاڕێگایەکە، خالق و مەخلوق پێک وەسڵ دەکات. ئەوە سیاسەتی خراپە بۆ بردنەپێشی خۆی و پاکانەکردن بۆخۆی، پەنا بۆ دین دەبا و سەرەنجام ئەویش ئالوودە دەکا.

مەبەستم لە عورفیگەرایی بریتییە لە عورفیگەراییەک کە بەستەرەکەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بێت. مانای ئەوەش ئەوە نییە کە بکەوینە دوژمنایەتی دین و موقەدەساتی میللەتەکەمان و سەمبولە ئایینی و مەزهەبییەکان. تەنیا مەبەست ئەوەیە کە سیاسەت و کەسایەتییە سیاسییەکان لە تەقەدووس دەربێنین و دین و مەزهەبیش ئالوودەی سیاسەت و حیزبایەتی نەکەین.

چ لە حیزب و تەشکیلاتدا، چ لە کۆمەڵگا و ڕیزەکانی بزووتنەوەدا، دەبێ دێموکراسی و ئینتیخاباتی ئازاد و ئەکسەریەتمان، بۆ بەرینکردنەوەی دێموکراسی و ئازادی و بەختەوەری و تەکامولی زیاتر و دێموکراسییەکی زۆرتر بوێت، نەک ئەکسەریەت و سەرکەوتن لە ئینتیخاباتدا، بکەینە ئامرازی تەعتیلکردنی دێموکراسی و ئیدی پردەکە بەسەر کەشتییەکانی دوای خۆماندا بەردەینەوە و دایخەین، تا هیچ کەشتییەکی دی نەتوانێ بە دوای ئێمەدا لەو تەنگەیە تێپەڕێ.

پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسی و خەباتگێڕانە، بردنەسەری ئومێد بە سەرکەوتن و پەرەپێدانی ڕۆحیەی خەباتکارانە، لە ئەرکە گرینگەکانی ئێستای ئێمەن. نابێ سڵ لە هیچ شتێک بکەینەوە کە ئێمە بە میللەتی خۆمانەوە پتر گرێ دەدات.

خاڵی بەهێزی بزووتنەوەی کورد لە دێموکراتیکبوون، لە بەرینی وجەماوەریبوون و پلۆڕالبوونیدایە. دەبێ ئەو تایبەتمەندییە وەک گلێنەی چاو بپارێزین و بەرەوپێشەوەی بەرین. هەرچەشنە پاوانخوازییەکی سیاسی و حیزبی و ئیدئۆلۆژیک، مەترسییە لەسەر خەباتەکەمان و دەبێ لەقاوی بدەین و لەگەڵی بەرەوڕوو ببینەوە.

بزووتنەوەی ئێمە لە خەباتی چەکداریدا خولاسە نابێتەوە. ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی بەرینەوە تەماشای بزووتنەوەکەمان بکەین، دەبینین کە بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە. لەو بزووتنەوەیەدا، خەباتی چەکداری با لوتکەی خەباتی سیاسیش بێت، تەنیا شێوەیەکی خەباتە و بەس. ئێمە دەمانهەوێت میللەتی خۆمان بە ئازادی و دێموکراسی و حەقی حاکمیەتی میللی خۆی بگەیەنین. ئەوە ئەرکێکی گەورەیە و تەنیا هەر بە پێشمەرگە ناکرێت. دەردی ئێمە سەختە، بۆیە چارەسەرکردنیشی سەختە.

کەواتە پێویستە پەیامی بزووتنەوە بەرینە هەموو جێیەک، هەموو ماڵە کوردێک، هەموو چین و توێژە میللییەکانی کوردستان بکێشینە نێو ئەو بزووتنەوە. لە ژیان و خەباتی خەڵک نزیک ببینەوە و تێکەڵاویان بین.

# کۆماری کوردستان پێشەنگی کۆماریبوون لە ئێراندا



**کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە.**
**دواتر درێژەی کۆماری کوردستان لە باشووری کوردستان دێتە دی .**
**ئەگەر لە بەشێک لە کوردستان کۆماری کوردستان هەڵدەوەشێنەوە لە بەشەکی تری کوردستان سەری هەڵداوە سەرەرای پیلانی زۆری داگیرکەرانی ناوەندگەرای زاڵ بە سەر کوردستاندا لە بەشێک لە کوردستان خەڵک بە ویست و داخوازی خۆیان گەیشتوون**

**هیوا کوردی**

مەشرووتەخوازی کە لە ئێراندا دەستی پێکرد بۆ بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو کە مێژوویەکی دووردرێژی لە ئێراندا هەبوو. دیارە «مەشرووتەخوازی لە ئێران لە ناوەندەوە دەستی پێ نەکرد بەڵکوو لە کوردستان و ئازەربایجان دەستی پێ کرد» لە کوردستان لە کرماشان دەستی پێکرد و لە ئازەربایجان لە تەورێز دەستی پێکرد. دامەزراندنی تۆپ بەرەورووی مەجلس تا بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزاشا مەشرووتەی لە ئێران لەبار برد و دووبارە دەسەڵاتی پاشایی لە ناوەندی ئێران جێگیر کردەوە.

شۆرشی نەتەوەیی سمایل ئاغای سمکۆ بەرەورووی ئەم پادشاهییە بوویەوە و خەباتی پان و بەرینی بە دژی دەسەڵاتی پادشایی وەرێخست و دەسەڵاتی پاشایەتیی ڕەزاشای تووشی قەیرانی گەورە کرد. بۆیە ڕەزا شا بە هەموو توانایەوە بە ڕووی ئەم خەباتە نەتەوەییەی سمایل ئاغا بووە . تەنانەت ئەو مەترسییەی لەم شۆڕشە هەبوو کە پەنای بردە بەر هاوپەیمانی ناوچەیی لەگەڵ تورکیە بۆ سەرکوتی ئەم شۆڕشە بەڵام دەرەقەتی ئەم شۆڕشە نەهات و سەرئەنجام لە ئاشتیخوازی ڕێبەری شۆڕش کەڵکی وەرگرت و بۆ وتوویژی ڕواڵەتی سمایل ئاغا بانگ کرایە شاری شنۆ و دەسەڵاتی پاشایەتی دەستی بۆ تیرۆر برد و سمایل ئاغای شەهید کرد.

دوای بێدەسەڵاتکردنی ڕێژیمی ڕەزاشا بەهۆی هێرشی دەوڵەتان بۆ سەر ئێران دووبارە کوردستان ئەم هەلەی قۆستەوە و کۆمەڵەی ژ.ک کە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی تێدابوو پێکهات.

کومەڵەی ژ.ک لە ساڵی ۱۳۲۱ تا ساڵی ۱۳۲٤ توانی کاریگەری ئەساسی لە سەر هەستی نەتەوایەتی دانێت و هەستی کوردایەتی لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ببووژێنێتەوە بەڵام بەهۆی داخراوبوون و ناسیۆنالیستبوونی ڕووت نەیتوانی بواری دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان پێک بێنێ بۆیە حیزبێکی مودێرن و پێشکەوتوو لە هەناوی ژ.ک لە دایک بوو و دامەزرا.

حیزبی دێموکرات بە بەرنامەیەک کە لە سەر ئەساسی ویست و داخوازی دێموکڕاتیک و ئینسانی خەڵکی کوردستان دامەزرابوو توانی سەرنجی زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. حیزبێک کە لە سەر ویست و داخوازی دێموکراتیک و ئینسانی خەڵکی کوردستان دامەزرابێ دەبێ بۆ شێوەی حکومەتداری چ شێوە دەسەڵاتێک هەڵبژێرێ؟

ئاخۆ دەکرێ چونکە ناوەندی ئێران شێوە حکوومەتییەکەی پادشاهییە حیزبێکی دێموکرات و پێشکەوتوو وەک حیزبی دێموکرات بێت بۆ ناوچەی خودموختاری کوردستان شێوەی پادشاهی هەڵبژێرێ؟ کاتێک پێشەوا بۆ کردەییکردنی دێموکراسی و شێوەی جەماوەری دێت بۆ گۆڕینی کومەڵەی ژ.ک بۆ حیزبی دێموکرات لە مزگەوت خەڵک کۆ دەکاتەوە و پرس و ڕایان پێ دەکا و خەڵک دەڵێن ئێمە هەر دێموکراتین پێشەوا بە کردەوە شێوەی پادشایی ڕەت دەکاتەوە و شێوەی کۆماری هەڵدەبژێرێ. کاتێک حیزبی دێموکرات دێت یەکەم کۆنگرەی خۆی دەگرێ دووبارە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ڕۆحی کۆمارییە.

هەروها بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە هەڵگری ویست و داخوازی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بەشێوەی پادشاهییە ناتوانێ ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان دابین بکات. چونکە حکوومەتی پادشاهی ئەساسی لە سەر تاکە نەک کۆمەڵ بەڵام ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەساسی ڕای بەکۆمەڵە.

کەوابوو حیزبی دێموکرات دێت ڕۆحی کۆماری هەڵدەبژێرێ و حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ هەتاوی دادەمەزرێت و دەبێتە ئۆلگوو بۆ ناوەندی ئێران کە پادشاهی بوو.

ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییە، حکوومەتی حەمەڕەزاشا وەلەرزە دەخات. هەست بە مەترسییەکی یەکجار زۆر گەورە دەکات. چونکە لەلایەک حکوومەتێکی کۆماری پێک هاتووە و لە لایەکی تر خەڵکی کوردستان بە ماف و داخوازی لەمێژینەی خۆیان گەیشتوون. بەدیهاتنی ماف و داخوازی خەڵکی کوردستان بۆ حکوومەتە ناوەندگەراکان تابۆیەکی مەزنە بە خەیالیش نایانهەوێ بیری لێ بکەنەوە.

بۆیە شەخسی حەمەڕەزاشا دێتە سەرخەتی فەرماندەیی ناڕاستەوخۆ و زەربەلێدان لە کۆماری کوردستان دەگرێتە بەر. کێشە داوێتە نێو یەکگرتوویی چین و توێژەکانی کوردستان و بە تەواوی هێزەوە هێرش دەکاتە سەر کۆماری کوردستان و بەداخەوە کۆمار هەڵدەوەشێننەوە . بۆ جارێکی تر خەڵکی کوردستان لە مافی ئینسانی و دێموکراتێکی خۆیان بێبەش دەکەن.

کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە. دواتر درێژەی کۆماری کوردستان لە باشووری کوردستان دێتە دی . ئەگەر لە بەشێک لە کوردستان کۆماری کوردستان هەڵدەوەشێنەوە لە بەشەکی تری کوردستان سەری هەڵداوە سەرەڕای پیلانی زۆری داگیرکەرانی ناوەندگەرای زاڵ بە سەر کوردستاندا لە بەشێک لە کوردستان خەڵک بە ویست و داخوازی خۆیان گەیشتوون.

بۆ ئێران، کۆماری کوردستان شوێنی خۆی دانا و دوای حکوومەتی حەمەڕەزاشا شۆڕشی جەماوەری بە ڕێبەرایەتی موسەدق دەستی پێکرد بەڵام لەگەڵ کۆماری کوردستان جیاوازی بنەڕەتی هەبوو. کۆماری کوردستان کۆمارێک بوو کە هاوکاری کۆماری تری دەکرد لە چوارچێوەی ئێران بەڵام موسەدق دەیویست پادشاهییەکی مەشرووتە دامەزرێنێ کە ناوەندگەرا بوو کە وەک حکوومەتی پادشاهی دژایەتی لەگەڵ کۆماری خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێران دەکرد.

خەباتی ٤٧-٤٦ی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات ڕاپەڕینێکی تر بوو بە دژی حکوومەتی پادشاهی کە ئەم دەسەڵاتەی وەلەرزە خست و گۆمی مەندی پادشاهی شڵەقاند و بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی حکوومەتی پادشاهی.


شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن ئاخوندەکانەوە بەلاڕێدا چوو بەڵام حکوومەتی پادشاهی لەلایەن زۆربەی خەڵکی ئێرانەوە ڕەد کرایەوە . کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی پادشاهیش لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕەد کرایەوە. دوکتور قاسملوو فەرمووی من لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ناگەم و ئەو شێوە حکوومەتە لە هیچ شوێنێک تاقی نەکراوەتەوە بۆیە داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی کە بەڵێ یا نەخێر بۆ کۆماری ئیسلامی بوو بەشدار نەبن. دواتر مەعلووم بوو کە کۆماری ئیسلامی کۆمارییەکەی بە ڕواڵەت هەڵگرتووە و لە نێوەرۆکدا هەر پادشاییەکە لە قالبی ویلایەتی فەقیهدا.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی شرۆڤەکاران دوای سەرهەڵدانی خەزەڵوەری ۹۸ و بەفرانباری ۹٦ مەودای نێوان کۆماری ئیسلامی و خەڵک یەکجار زۆر بووە و خەڵک بە تەواوی لە بەرانبەر حکوومەتدا ڕاوەستاون. زۆربەی گەلانی ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامییان ناوێ چونکە بەوە گەیشتوون کە ئیستبدادی دینییە کە لە جێی تاجی پادشاهی مەندیلی ویلایەتی فەقیهی لە سەر ناوە .زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا داوای حکوومەتی کۆماری ناوەندگەرا دەکەن کە بەشێکی لەگەڵ کۆماری کوردستان هاوبەشە کە هەمان دەنگی خەڵک یان سندووقی دەنگدانە بەڵام جیاوازی لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەوەیە کە کۆماری خودموختاری تر لە پەنا کۆماری ناوەندی قەبووڵ ناکا و وەک حکوومەتی پادشاهی و حکوومەتی موسەدەق بە دژی دەوەستنەوە.

سەرچاوەکان:
١-چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی( کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە نووسینی دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو)
٢- نیو سەدە تێکۆشان (ئاوڕدانەوە لە مێژووی پەنجا ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە نووسینی عەبدوڵڵا حەسەن زادە)
٣- ڕاسان و ڕەهەندە تێورییەکانی (ئاوڕدانەوە لە تیۆری ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات لە نووسینی سمایل شەریفی )

## وێـــــستگە

# خەتەنەی ژنان، گیانیشیان لێ دەستێنێ



**نووسین: هێمۆ**

یەکێک لە گەورەترین و سامناکترین ئەشکەنجەکان کە بەرانبەر بە کچان و ژنان ئەنجام دەدرێت، خەتەنەکردن و بڕینی ئەندامی جنسییانە.

ئەم توندوتیژییە لە ۲۸ وڵاتی جیهاندا ئەنجام دەدرێت و سەرچاوەگرتوو لە خورافات، بیروباوەڕی مەزهەبی، سوننەت و نەریتە دواکەوتووەکانە.

بەپێی بەراوردەکان ۲۰۰ میلیۆن ژن لە سەرتاسەری جیهاندا بوونەتە قوربانیی ئەم جۆرە لە توندوتیژی کە نزیک بە یەک لە سەر چواری ئەم ڕێژەیە، تایبەت بە کچانی خوارەوەی تەمەنی ١٤ ساڵە.

ئامارەکان دەڵێن کە ١٠ لەسەدی وڵاتانێک کە ئەم توندوتیژییەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، وڵاتانی ئافریقایین.

لە ئێراندا، نەریتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ورمێ، خوزستان، هۆرمۆزگان، بووشێهر و سیستان و بەلووچستاندا ڕوو دەدات و زۆر کەس هەن کە بوونەتە قوربانیی ئەم کردەوە نادرووستە.

بە گشتی چوار جۆر خەتەنەکردن هەیە کە هەر هەمووشیان دەچنە خانەی بڕینی ئەندامی جنسیی ژنانەوە و هەر کامەیان بەجۆرێک تووشی ئازار و کێشەیان دەکەن.

بە وتەی پزیشکان، ژنان و کچانی خەتەنەکراو، ئازارێکی ئێجگار زۆر دەچێژن کە بەداخەوە ئەم ئازارە تەنیا تایبەت بە کاتی خەتەنەکردنیان نییە و دواتریش لە ژیانیاندا تووشی ئازاریان دەکات، بۆ نموونە، خوێنێک کە لە ئاکامی سووڕی مانگانە دەبێ لە جەستەی ژن بچێتە دەرەوە، بەهۆی خەتەنەکردن، ناتوانێ شوێنی هاتنەدەرەوە پەیدا بکات و هەر لە لەشدا دەمێنێتەوە، زۆر جاریش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاک نەتوانێ پێش بە میزی خۆی بگرێت، لە لایەکی دیکەوە کچانی خەتەنەکراو لە یەکەمین پێوەندی سێکسیدا ئازاری زۆر دەچێژن و لە درێژخایەندا تووشی ساردی لە پێوەندی لەگەڵ شەریکی جنسیی خۆیاندا دەبن، سەرەڕای ئەمانەش کەسانێکیان کە دووگیانن، لە کاتی هێنانە دونیای منداڵەکەیان گیانیان لەدەست دەدەن.

لە نێوان ئەو کچانەیدا کە خەتەنە دەکرێن، زۆر جار هەبووە کە بە هۆی پیسبوونی کەرەستەکان و لە ئاکامدا بەهۆی نەخۆشیی کۆزاز، شۆک یان لەدەستدانی خوێنی زۆر گیانیان لە دەست داوە.

گرینگ بوونی ئەم بابەتە و ئەو ئاسەوارانەی کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێ وای کردووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی شەشەمی فێبرییە کە ئەمساڵ دەبێتە ١٨ی ڕێبەندان، وەکوو ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەتەنە ناودێر بکات.

ئەم ڕۆژە لە ساڵی ۲۰۰٤ی زایینییەوە ناودێر کراوە و هەموو ساڵێک لە وڵاتانی دنیادا بۆ پێشگرتن لە جۆرەکانی توندوتیژی، پێشێلکردنی مافی مرۆیی ژنان و نەهێشتنی ڕۆڵی سوننەت چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبەن.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی کە بەرانبەر ژنان دەکرێن زۆر گرینگە، بەڵام لەم نێوانەدا هەندێک لە توندوتیژییەکان هەن کە دەبێ زیاتر کاریان لە سەر بکرێت و هەوڵ بۆ کەمکردنەوەیان بدرێت.

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و بەتایبەتیش مەزهەبییەکاندا، کردەوەی خەتەنە بە مەبەستی زۆرکردنەوەی ڕێژەی وەفاداری ژنان بە پیاوان ئەنجام دەدرێت! لەڕاستیدا لەم کۆمەڵگایانەدا ژنان تەنیا کەرەستەیەک بۆ دامرکاندنی ئارەزووی جنسی پیاوان بەئەژمار دێن و بە خەتەنەکردنیان پێش بە هەستکردنی چێژی سێکسییان دەگیردرێت، کە لەم ڕێگایەوە وا بە ژنان دەفامێندرێت کە ئێوە تەنیا کەرەستەن و دەبێ لە خزمەت پیاواندا بن.

ئەوەیکە زیاتر لە هەر شتێک سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئەم توندوتیژییە لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت و لە زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا، دایک و داپیرە هۆکاری سەرەکیی ئەنجامی ئەم کردەوەیەن کە لە ژێر ناوی سوننەت ئەنجام دەدرێت.

قووڵبوونەوە لە بابەتەکە ئەوە دەردەخات کە ئەم کردەوەیە بە پڕۆسەیەکی دووردرێژدا تێپەڕیوە، ساڵانێکی زۆری خایاندووە تاکوو ئەوە لە مێشکی ژناندا جێگیر بکرێت کە لە ئەگەری سوننەت نەکردنی کچەکانیاندا، خواردنی دەستیان حەڵاڵ نابێت و بۆیە خەتەنەکردن بە ڕێکارێکی باش بۆ خۆلادان لەم کێشە گەورەیە دەزانن!

ئەگەر چاوێک لە دۆخی کۆمەڵگا و ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان بکەین، ئەم پرسیارە دێتە مێشکمانەوە کە ئاخۆ بۆچی ئێستاش وەکوو بۆ نموونە ٥٠ ساڵی ڕابردوو ئەم کردەوە قێزەونە هەر ماوەتەوە؟ ئەوکات نەخوێندەواری زۆر بوو ئەی ئێستا چی؟

لەڕاستیدا وڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بۆ نائاگاهی و وەدواکەوتنی ئەو باوەڕە هەڵانە دەگەڕێتەوە کە خەڵک بەهۆی باوەڕمەندبوون پێیان لە ئەگەری شک کردن بەم باوەڕانە خۆیان بە گوناحبار دەزانن و پێیان وایە گوناحی کەبیرەیان کردووە.

بۆیە باسکردن لە سەر بابەتێکی لەم چەشنە کە ئێستاش لە شارەکانی کوردستاندا ڕوو دەدات، ئەرکێکی قورسی سەرشانی ژنان و هەموو ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن.

بەرەنگاربوونەوە لە هەر ڕێگایەوە دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێت، چالاکییەکان دەبێ لەو ڕاستایەدا بن کە ناسینی کێشەکان و دواتریش دانانی پلان و بەرنامە بە کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی بچێتە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و سازماندراوەوە تاکوو ئاکامێکی باشی لێبکەوێتەوە.

بۆیە پێویستە هەموومان بە وتنی «نا» بە خەتەنەکردنی ژنان و کچان، کۆمەڵگا لەم باوەڕە هەڵەیە دوور بخەینەوە و بەرەو یەکسانی و مرۆڤایەتی هەنگاو هەڵبگرین.

# «ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی»١

**نووسین و ئامادەکردن:**
**ئاگری ئیسماعیلنژاد**

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

٤: بلاڤۆک و چالاکی ڕۆشنبیری لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا

بەر لە کۆماری کوردستان و دامەزانی حیزبی دێموکرات و لەپاش دامەزرانی کۆمەڵەی ژ-ک گۆڤاری نیشتمان کە لە تەوریز دەردەچوو، گۆڤارێک بووە کە بیری کۆمەڵەی بڵاو دەکردەوە.

ئەو گۆڤارە لە نێوەڕاستی ١٣٢٢ کۆچی هەتاوییدا دەرچووە .

«یەکەم ژمارەی لە پووشپەڕی ١٣٢٢ دەرچووە و دواییـن ژمارەی لە جۆزەردانی ١٣٢٣ بڵاو بۆتەوە»١٢

لە پاش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە یان کۆمەڵە ناوی گۆڕاوە بۆ حیزبی دێموکرات، ئەو گۆڤارەش ڕاگیراوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستاندا ئەو گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە:

### گۆڤاری «هاواری کورد»

تەنیا یەک ژمارەی لێدەچووە؛ بەڕێز پرۆفسۆر «جەماڵ خەزنەدار» دەڵێت:

«گۆڤارێکی سیاسی مانگانە بووە، لەلایان کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەرچووە و یەک ژمارەی لە ڕەزبەری ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە»١٣

لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆڤارەدا گوڵێک کێشراوەتەوە.

دوکتور هیمدادی حسەین، مامۆستای زانکۆ سەبارەت بەو گۆڤارە دەڵێت:

« بەهیچ شێوەیەک سیاسی نەبووە و لە سەردەمی کۆماردا دەرنەچووە، چونکە ڕێکەوتی دەرچوونەکەی لەگەڵ ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی کۆمار جیایە»١٤ ئەویکە جێگەی باسە نییە ئەوەیە کە گۆڤارەکە لەلایان دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری نیشتمانەوە دەرچووە و تەنیا یەک ژمارە بووە و دوکتور هیمداد حسەین وەک پاشکۆی ژمارە ٩ی گۆڤاری نیشتمانی دەیقەبڵێنێت.

### گۆڤاری «هاواری نیشتمان»

بڵاوکراوەی بیری لاوانی دێموکرات بووە و تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووە و لە مەهاباد چاپ کراوە و سەرنوسەرەکەی شەهید سدیق هەنجیری ئازەر بووە.

لەو گۆڤارەدا یەکەم وتووێژی بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی وەک ژێنراڵی حکوومەتی کوردستان چاپ بووە.

دواتر پاش ڕووخانی کۆماری نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان گۆڤارێک هەر بەو ناوە لە باشووری کوردستان چاپ بووە و نێردراوتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سدیق هەنجیری ئازەر و محەممەدی شاپەسندی لە بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارەی دوایی بوون.

### گۆڤاری «هەڵاڵە»

ئەو گۆڤارە لە بۆکان دەرچووە و پاش ئەوەیکە چاپخانەیەکی گەورە لە مەهاباد دامەزراوە، چاپخانەکەی پێشووی مەهاباد کە لەلایان لایەنگرانی کۆمەڵەی ژ_ک کڕدرابوو، دەبرێتە بۆکان و لەوێ گۆڤاری هەڵاڵەی پێ چاپ دەکرێت.

بەڕێز مەلاحەسەن قزڵجی، نووسەری بەناوبانگ بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بوو و سێ ژمارەی لێ دەرچووە و کەسانی وەک مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار و عەتری گلۆڵانی نوسراوەیان تێدا بڵاکردۆتەوە.

یەکەم ژمارەی لە «ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆچی مانگی یان مارسی ١٩٤٦ لە ٣٠ لاپەڕەدا بڵاو بۆتەوە «١٥ دواییـن ژمارەی لە بانەمەڕی ١٣٢٥دا بڵاو بۆتەوە.

### گڕوگاڵی منداڵان

یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە بۆ زارۆک دەرچووە و «سێ ژمارەی بڵاو بۆتەوە و یەکەم ژمارەی لە بانەمەڕی ١٣٢٥دا دەرچووە و بەپێی ئەوەیکە بەڕێوەبەری چاپخانەی کوردستان بەڕێوەبەری ئەویش بووە دەبێ بەڕێوەبەرەکەی مەلا قادری مودەرسی بووبێت»١٦

پووشپەڕی ١٣٢٥ دواییـن ژمارەی لێ چاپ بووە.

### گۆڤاری «کوردستان»

دووحەوتوونامە بووە و بەر لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە و بەپێی ئەوەی لەسەری نوسراوە بڵاوکراوەی بیری «حیزبی دێموکراتی کوردستان» دەبێت، یەکەم بڵاڤۆکی بڵاوکراوەی حیزبی دێموکرات بووبێت و ژمارە یەکەمی لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بڵاو بۆتەوە؛ سەرنوسەرەکەی بەڕێز ڕۆژنامەنووس «سەید محەممەدی حەمیدی» بووە»١٧

شێعری» بژی دێمۆکرات» هۆنراوەی مامۆستا هێمن بۆ یەکەم جار لەو گۆڤارەدا بڵاو بۆتەوە. «ئەو هۆنراوەیە لە ژمارە دووی ئەو گۆڤارەدا بڵاوبۆتەوە»١٨ نۆ ژمارەی لێدەرچووە.

### ڕۆژنامەی «کوردستان»

تەنیا بڵاڤۆکێک بووە کە بەناوی ڕۆژنامە بڵاوبۆتەوە، سەرجەم ١١٢ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە و «یەکەم ژمارەی لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ دەرکراوە»١٩

پربایەخترین بڵاڤۆکی سەردەمی کۆماری کوردستان و ئۆرگانی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕاوەستا و دواتر لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ لە بەغدا سەرلەنوێ دەست بە بڵاوکرنەوەی کراوە و تا ئێستا وەک بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکرات، دەردەچێت.

«سەید محەممەد حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووە»٢٠

«سەید محەممەد، خەڵکی ناوچەی تیلەکۆی سەقز بووە و دەبێت لە بنەماڵەی سەیدی پارسانیانی ئەو ناوچەیە بووبێت. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ماوەی دوو ساڵ لەلایان ڕێژیمی پەهلەوییەوە دەستبەسەر دەکرێت و پاش ئازادکردنی لە مەهابادەوە بار دەکاتە سنە و هەتا کاتی کۆچی کە دەبێت بەهاری ١٣٥٨ بووبێت لە سنە دەژی.

بەڕێزیان دووهەمین ڕۆژنامەنووسی کوردی کوردینووس بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و کەسی یەکەم بەڕێز مەلا محەممەد تورجانی زادە سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد» بووە کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری شەهید سمایل ئاغای سمکۆ ئەو ڕۆژنامەیە چاپ دەبوو.

مامۆستا هێمن، هەژار، حەسەن قزڵجی، دڵشاد ڕەسوڵی، محەممەدی شاپەسەندی، سدیق حەیدەری، مەنافی کەریمی، حسەین فروهەر و عەتر گلۆڵانی (محەممەد نوری) و خالید حیسامی(هێدی) لەو کەسانە بوون کە لەو ڕۆژنامەیەدا وتار و نوسراوە و شێعریان بڵاوبۆتەوە٢١

ئەو ڕۆژنامەیە لە چەند ڕەهەندەوە گرینگە:

یەکەم: ڕۆژنامەکە هەوڵی ئەوەی داوە کە خەڵک وەک سەرچاوەی دەسەڵات، ئاگاداری هەموو پرس، قانون، ئاگاداری و مەترسییەکان بکاتەوە، لە ڕۆژنامەکەدا ڕاپۆرتی چالاکییەکانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی تێدایە و باسی دانووستانی کورد و تارانی تێدایە و قانون و بڕیاراتی دەسەڵاتداری کوردی بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵک تێیدا چاپ بووە و تەنانەت ناوی ئەو کەسانەی تێدایە کە یارمەتی ماڵی دەکەن بە دەسەڵاتداری کۆماری کوردستان.

دووهەم: بنەمای فکری ڕۆژنامەکە لەسەر ئەوە بووە کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتن و ئەوەش بەو مانایەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی سیکۆلاری کوردی بووە.

سێهەم: ڕۆژنامەکە هەوڵی نەتەوەسازی داوە و لە هەموو ژمارەکانیدا یەک یان دوو وتاری تێدایە کە باسی مێژووی کوردستان، کەسایەتییەکانی کورد و نەتەوەی کورد دەکات و لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژنامەیە هەوڵێک بووە بۆ پاککردنەوەی چەواشەکارییەکانی سەردەمی پالەوی یەکەم.

چوارەم: ڕۆژنامەکە بەشی هەواڵی لەخۆ گرتووە، کەوایە سەرچاوەیەکی هەواڵ و ئاگاداری بۆ خەڵکی ژێر دەسەڵاتیی کۆماری کوردستان بووە.

پێنجەم: ڕۆژنامەکە زۆر بە ڕوونی لە هەوڵدا بووە کە ژیانێکی مۆدێرن و سەردەمییانە لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە و باسیی پاک و خاوێنی و تەنانەت مسواک کردنی دەم و ددانی تێدا کراوە و بەو شێوەیە ویستویەتی ئاستی ژیانی خەڵکی کوردستان بەرێتە سەرێ.

شەشەم: ڕۆژنامەکە بەشێک لە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بووە و سەرجەمی وشە نوێکانی کە ڕۆنراون لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە و دەکار کراوە.

بەو پێیەش دەکرێت بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا هەم بەشێک لە بناغەی ڕووناکبیری کوردە و هەم بەشێک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردە، بۆیە وەک بەڵگەیەکی گرینگی مێژوویی و ڕووناکبیری سەیری دەکرێت.

### چاپخانە و ڕادیۆ

لە جەغزیی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا دوو چاپخانە هەبووە، یەکیان لە مەهاباد و ئەوی دیکەش لە بۆکان بووە، ئەو چاپخانانە کتێبی قوتابخانە، کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ چاپ کراوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ڕادیۆ دامەزراوە و ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕاپۆرتێکیدا بە ناوی «کوردستان قسان دەکا» باسی دامەزرانی ڕادیۆ لە مەهاباد دەکات.

«ڕۆژی سێشەممە ١٠ بانەمەری ١٣٢٥ ئیستاسیۆنی ڕادیۆی مەهاباد پێتەختی حکومەتی میللی کوردستان لەگەڵ ٥ دەزگا بڵێندگۆ.... دانرا و ڕەسمەن کرایەوە.»٢٢

پێشەوا قازی و حاجی بابە شێخ سەرۆکوەزیرانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ قسەیان کرد و خەڵکی مەهاباد لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێیان لە قسەکانی ئەو بەڕێزانە بوو.

### کتێبخانەی نەتەوەیی

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کتێبخانەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا سەربارەت بەو کتێبخانەیە ئاوا نووسراوە :

«لەبەر ئەویی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ، حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرموو کە بە زوویەکی زوو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادە و فەرهەنگ بکرێ و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابنرێن و کتێبخانەیەکی میللی و عموومی ساز بکرێ»٢٣

بەپێی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد هەوڵی دامەزرانی کتێبخانەی نەتەوەیی دراوە بەڵام ئەو دەستکەوتەش پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە دەست چوو.

### شانۆگەری کوردی

یەکەم شانۆی کوردی بە ناوی دایکی نیشتمان لە سەردمی کۆماری کوردستان بەرێوە چووە.٢٤

### خوێندنی زۆرەملی بۆ منداڵان

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە کە لە سەرێ باسی لێکرا، بەپێی بڕیاری لێژنەی فەرهەنگی سەرجەمی ئەو تابلۆیانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بە زمانی فارسی بۆ کاری پێویست نوسراون کۆ دەکرێنەوە، دەکرێنە کوردی و هەروەها ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ٦ هەتا ١٤ ساڵدایە و بێکەس و کارن و خەریکی سواڵن کۆدەکرێنەوە و دەدرێنە دەست کەسانی دیاریکراو بۆ ئەوەی بەر خوێندیان بخەن و دەوڵەتی کوردستان بەخێویان بکات. لەگەڵ ئەوە بڕیار دەردەکرێت کە بەتەمەنداچووەکان شەوانە و بەزمانی کوردی بخوێنن٢٥

### کەمینە نەتەوەییەکانی نێو کۆمار

دەرەتانی گەشەی فەرهەنگی لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا هەر بۆ نەتەوەی کورد نابێ و کلیمییەکانیش دەگرێتەوە و لە ڕۆژنامەی کوردستان بڕیارێکی بەو شێوەی خوارەوە دەردەچێت:

«بە عوموومی میللەتی کەلیمییانی دانیشتووی مەهاباد ڕادەگەیەنم کە لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و مەحبوبی کوردستان و نەزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە موقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بە ناوی تێکەڵی کوردی-عیبری دەکەینەوە»٢٦

دیارە خوێندن لە کۆماری کوردستاندا وەک باسمان کرد بۆ هەر کوڕ و کچێک کە تەمەنیان بۆ خوێندن بووە، بە زۆری بووە و ئەو یاسایە کەمینەکانی نێو کوردستانیشی گرتۆتەوە.

### پرسی ڕووناکبیری ژنان

ژنان، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕێزێکی زۆریان لێناون و یای ویلمەی سەیادیان و یای خەدیجە حەیدەری لە ڕۆژی دامەزانی کۆماری کوردستان قسەیان کردووە و یەکەم ڕێکخراوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەرپرسایەتی یای مینا قازی خێزانی پێشەوا قازی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزراوە.٢٧

کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی دامەزرا ئەزموونێکی پڕگرینگی دەسەڵاتداری کوردە لە مێژوودا و تا ئێستاش زۆر لایەنی ئەو کۆمارە باس نەکراوە و ئەو باسەی سەرێ تەنیا چاوخشانێک بوو بەسەر ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کە لە سەردەمی ئەو کۆمارەدا بەڕێوەچوون.

سەرچاوەکانی وتار:

١: ئازادی سەربەخۆیی میری و گەورەیی — داوا بکەن بە زار و زمان و ددان و لێو
ژیان و شێعرە کوردییەکانی سەیفولقوزاتی قازی
١٨٧٦ — ١٩٤٥
ئامادە کردنی: ئەنوەری سوڵتانی، حەسەنی قازی/ بنکەی ژین، سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠٨
٢: وتاری پێشەوا لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژنامە کوردستان — پاژی یەکەم -ژمارەی یەک -ئۆرگانی حیزبی دێموکرات- مەهاباد ١٥-١١-٢٤-چ ژین/ئاراس هەولێر
٣:گۆڤاری ناوەندی ئیستراتیژی کوردستان- ژمارەی٢-وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ ڕەفیق سابیر —سلێمانی ٢٠٠٩
٤:حکومەتی کوردستان و کورد لە بەڵگەی سۆڤیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیستراتژی. نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی ٢٠٠٦
٥:ر_کوردستان ژ-١
٦: هەمان
٧:ر-کوردستان —ژ١٠
٨: حکومەتی کوردستان و کورد لە بەڵگەی سۆڤیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژی. نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی ٢٠٠٦
٩:ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١٥
١٠: بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی پاژی یەکەم چ سوید ١٩٨٦
١١: حکومەتی کوردستان و کورد لە بەڵگەی سۆڤیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژی. نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی ٢٠٠٦
١٢:ڕۆژنامەگەری کوردی ل٩٠-دوکتور هێمدادی حوسین —سلێمانی چ سەردەم ساڵی٢٠٠٢
١٣:ڕابەری ڕۆژنامەگەری کورد ل٤٣-جەماڵ خەزنەدار
١٤: ڕۆژنامەگەری کوردی ل٩٥-دوکتور هێمدادی حوسین —سلێمانی چ سەردەم ساڵی٢٠٠٢
١٥: گۆڤاری هەڵاڵە —چ ژین —سولیمانی ٢٠٠٩
١٦: ڕۆژنامەگەری کوردی-دوکتور هێمدادی حوسین —سلێمانی چ سەردەم ساڵی٢٠٠٢
١٧: حکومەتی کوردستان و کورد لە بەڵگەی سۆڤیدا ل١٦٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژی. نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی ٢٠٠٦
١٨:هەمان
١٩:ڕۆژنامەی کوردستان-چاپ ژین/ ئاراس-هەولێر
٢٠: ڕۆژنامەگەری کوردی-دوکتور هێمدادی حوسین —سلێمانی چ سەردەم ساڵی٢٠٠٢
٢١: ڕۆژنامەی کوردستان- چاپ ژین /ئاراس —هەولێر
٢٢:هەمان ژ-٤٣
٢٣: حکومەتی کوردستان و کورد لە بەڵگەی سۆڤیدا ل١٧١ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژی. نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی ٢٠٠٦
٢٤: سەدەی کارەسات-وتوویژ لەگەڵ غەنی بلوریان —چاپ ژین ٢٠٠٨
٢٥: ڕۆژنامەی کوردستان-چاپ ژین /ئاراس —هەولێر( ژ١٠ )
٢٦:هەمان
٢٧:هەمان

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست :**

**٩٢ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایان دوو دەزگای بلاڤۆکی کوردی لە باشووری کوردستان واتە ژین لە سلێمانی و ئاراس لە هەولێر چاپ بووە. لەو جێگایانەی کە نووسراوە ڕۆژنامە کوردستان چاپ ژین/ئاراس مەبەست ئەو پەرتووکەیە.**

# بایدن شەڕی یەکلاکەرەوەی باڵادەستی ئەمریکا دەکات



محەممەد سلێمانی

جۆ بایدن لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری وەك سەرکۆمار بەدەستەوە دەگرێت، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵێك دژبەری بەهێز لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا کەوتۆتە ململانێی سەخت و هەر لایەك هەوڵی باڵادەستی و بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و سەربازی دەدات و هەوڵی وەدەرنانی نەیارەکەی لە مەیدانێ دەدات و سیاسەتی سەلیم و دیالۆگی بنیاتنەر بۆ مەبەستی بنبڕکردنی ئاڵۆزییەکان، خەریکە دەوری خۆی لە دەست دەدا و پێوەری نوێ دێنە ئاراوە.

سەرکۆماری نوێ لە دۆخێکدا سیاسەتی وڵاتەکەی بەڕێوە دەبات کە ئاڵوگۆڕی زۆر لەسەر ئاستی ناوچەییدا ڕوویان داوە و دژبەرەکانیان لە ساڵانی پێشوو باشتر بۆ لاوازکردنی نفووزی ئەمریکا خۆیان ڕێکخستووە و هەرکارێك دەکەن کە باڵانسی هێز بە سوودی خۆیان بگۆڕن و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەر بەتەواویش بۆیان نەکرێتە دەرەوە، پێشڕەوییەکانی بەرەو لاوازی بەرن و بەشێك لە هاوپەیمانەکانی لێ بکەنەوە و زیان بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی بگەیەنن.

ئەگەر بێت و کۆشکی سپی لەگەڵ نەیارەکانی سیاسەتێکی نەرمتر بەڕێوە بەرێت و پێی وابێ لەو ڕێگایەوە ئاشتی جیهانی جێگیر دەکات و کۆتایی بە کۆی ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دێت، بێگومان لێکدانەوەیەکی ناڕاستە و بە هیچ جێگایەك لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ دژبەرەکانی ناگات بەڵکوو مەترسی زیاتر لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی دروست ئەبێت و لە زۆر شوێن خاڵی لاوازی باڵادەستی وەك زلهێزێکی گێتی دەردەکەوێت.

لەبەر ئەوەیکە دژبەرەکانی ئەمریکا، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای هێز و کرداری سەربازی و توندوتیژییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن، لە هەر کوێ بۆیان هەڵکەوێ، گورزی خۆیان بە نادیاری بەدژی واشنگتۆن دەوەشێنن بەو ئاواتەی کە ناچار بە گۆڕینی ستراتیژیی سیاسی بکەن؛ ئێرانیش بە پلەی یەکەم یەکێکە لەو ڕێژیمانەی نەیاری سەرسەختی ئامریکا کە لەم مێکانیزمە کەڵك وەردەگرێ و بە هیچ جۆرێك ڕازی نابێت، ئەمریکا کۆنترۆڵی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەنیا بەدەستەوە بگرێ بۆیە بەئاشکرا هێرش دەکاتە سەر ئەمریکا و هەڕەشەی بە ئامانج گرتنی خاڵە ستراتیژییەکانی لێ دەکات تەنانەت خەریکە مەرج بە سەر ئەو وڵاتەدا فەرز دەکات بەڵام ڕێژیمی ئاخوندی بە هەڵە لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا و حکوومەتی بایدن گەیشتووە.

زۆر کەس و سیاسیی بیرخاوی نێودەوڵەتی و تەنانەت کوردیش پێیان وایە، ترامپ هۆکاری کۆی قەیران و ناکۆکییەکانی ئەمریکایە و، بایدن دێ دڵی هەموو لایەك دەداتەوە و میوانداری دژبەرەکانیان بۆ کۆشکی سپی دەکات و کۆتایی بە ناکۆکییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵیان دێ و زەمانێك دێتە بەرەوە کە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە و کێشەکان بەتەواوی کۆتاییان پێدێ!

دیارە ئەو بۆچوونە بنەمایەکی زانستی سیاسی و دیپلۆماسی دروستی نییە دەنا چۆن دەکرێ وڵاتێکی گەورە و بەهێزی وەك ئەمریکا کە بە ناوەندی بڕیاری سیاسی و ئابووری و سەربازی گێتی ناسراوە، باڵادەستی نەیارەکانی بەسەر خۆیدا فەرز بکات و بەدڵی ئەوان بجووڵێتەوە و دەست لە هێژمۆنی چەندین ساڵەی هەڵگرێت و بەگشتی هێزەکانی دەکێشێتەوە و بە ڕێگای دیپلۆماسی نەرمدا سیاسەتی خۆی لەگەڵ نەیارەکانیان دەباتە پێشەوە!!

لەسەر ئاستی ناوچەییدا هەر ئێران بەتەنیا دژایەتی هێژمۆنی ئەمریکا ناکات، بەڵکوو پێکەن و مۆسکۆ و گرووپە میلیشیاییەکان و هاوپەیمانەکانی تارانیش هەوڵی گوشار خستنە سەر ئەو وڵاتەیان لەمێژە دەست پێکردووە.

ترامپ بە سیاسەتی دژکردەوەی خێرا تا ڕادەیەکی باش هەنگاوی نەیارەکانی بەرەو ئاستێک بردبوو کە بوێرییان نەبوو زۆر دەمدرێژی بکەن و ئاڵۆزییەکان زیاتر پەرە پێ بدەن و بە زەقی هەڕەشە لەسەر واشینگتۆن دروست بکەن، لەبەر ئەوەی نیگەرانی بڕیاری خێرای ترامپ بوون.

بایدن وەك سەرکۆماری نوێی ئەمریکا و کەسێکی سیاسی و ناوداری وڵاتەکەی جگە لەوەی هەوڵی ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی وڵاتەکەی دا، وەك بژاردەیەکی سەلیم دەستی پێکردووە، ئیدی بەدڵنیاییەوە ئەوە بەو مانایە نییە کە سیاسەتی هەندەرانیشیان لەسەر ئەساسی ئەو بنەمایە دەبێ و بەهەمان شێوە دڵنەوایی دژبەرێکی وەك تاران ئەداتەوە و بڕیارەکانی بە سوودی ئێران بێت.

جۆ بایدن لە دۆخێکدا دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی وەرگرتووە کە پێویستە زیاتر لە پێشوو شەڕی باڵادەستی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات و ئەگەر بێت و بە پێچەوانەی ئەو خاڵە بجووڵێتەوە، جگە لە دوورکەوتنەوەی لە ستراتیژی و قووڵی ناکۆکییەکان و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی بە قازانجی نەیارەکانی، شتێکی تری لێ دروێنە ناکات و پێگەی خۆی و حیزبەکەی بەرەو لاوازی دەبات و گەلی ئەمریکا لە هەنگاوەکانی نیگەران ئەبن.

> **جۆ بایدن لە دۆخێکدا دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی وەرگرتووە**
> **کە پێویستە زیاتر لە پێشوو شەڕی باڵادەستی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات و**
> **ئەگەر بێت و بە پێچەوانەی ئەو خاڵە بجووڵێتەوە،**
> **جگە لە دوورکەوتنەوەی لە ستراتیژی و قووڵی ناکۆکییەکان و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی بە قازانجی نەیارەکانی، شتێکی تری لێ دروێنە ناکات و پێگەی خۆی و حیزبەکەی بەرەو لاوازی دەبات**
> **و گەلی ئەمریکا لە هەنگاوەکانی نیگەران ئەبن**

پاشان بە تەنیا سەرکۆمار لە سەر پرس و بابەتە جەوهەری و هەستیارەکانی ئەو وڵاتە بڕیار نادا بەڵکوو کۆمەڵێك ناوەند و کەسایەتی بەرزی سیاسی و خاوەن ئەزموونی بوارە جیاجیاکان بەشداری ئەو پرسە سیاسی و نەتەوەییانە دەکەن و بە عەقڵێکی وردی بەکۆمەڵ و، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەیی، سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەیان دیاری دەکەن.

ئەوەی لەلای ئەوان ئەولەویەتی باڵای هەیە، بەهێزتربوون و باڵادەستی وڵاتەکەیانە و کارێك ناکەن هەڵەی ترامپ لەهەمبەر دۆست و هاوپەیمانەکانیان دووبارە بکەنەوە، کە جەوهەری ئەو سیاسەتەش بەتەواوی بە سوودی گەلی کوردە لە باشوور و ڕۆژئاوا بەدیاریکراوی.

کۆمەڵێك وڵاتی بەهێز لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا دەمێکە خۆیان بە نەیار و دژبەری واشینگتۆن ناساندووە و تا ئەوەی جێگای بۆیان بلوێ، زیاتر فشار دەخەنە سەر ئەمریکا و، تاکوو هەر نەبێت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو وڵاتە بکەنە دەرەوە و ئێران لە نەبوونی هەیمەنەی ئەواندا بە ئامانجەکانی بگات و چاکتر ئەو ناوە کۆنترۆڵ بکات.

ئەگەر بێت و ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە یان بکرێتە دەرەوە، جگە لەوەی مەترسی لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی دروست دەبێ، لە زۆر هەرێم و ناوچەی ستراتیژیشدا پاشەکشەی پێدەکرێ و ئاسایشی نەتەوەیی دۆستەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە بە هۆی ڕێژیمی ئاخوندییەوە و تاران هەر کارێك دەکات کە ئەمریکا لە سەرئاستی هەرێمایەتیدا شار بەدەر بکا و بەتەواوی ببێتە میراتگری و بەتەنیا دەست بەسەر شاڕەگی ئابووری و بازرگانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگرێ.

سەرۆك بایدن سیاسییەکی بەئەزموونە و ڕێی تێناچێ کارێك بکات، دەرفەتی هەستانەوە بە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بدات لە دۆخێکی وەك ئەمڕۆدا دەست بگرێ بۆ پێشەوە و بێگومان ئیدارەی نوێ لە کۆشکی سپی هەوڵی هەوسارکردنی ڕێژیمی ئاخوندی ئەدات و بە هیچ جۆرێك متمانەیان بەقسە و بەڵێنەکانی تاران نەماوە و پابەندی هیچکام لە ڕێککەوتنەکان نەبووە و لەسەر ڕفتارەکانی بەردەوامە و ڕێگای دروست هەڵنابژێرێت و بە سەرەڕۆیی دەڕواتە بەرەوە.

ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین و ڕووسیەشدا زۆر باش نییە و بەکردەوە لە شەڕی ساردان و لە سەر زۆر ناوچەی ستراتیژی گرینگ و بڕگەی سیاسی و سەربازی و دەریایی و ناوکی و بازرگانی ناکۆکی گەورەیان پێکەوە هەیە.

بایدن لەو بارەوە و بۆ فشار خستنە سەر ئەو دوو دژبەرەی وڵاتەکەی، ناتۆ زیاتر چالاك دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بە جۆرێك ڕێک دەخاتەوە کە باڵانسی سیاسی تاڕادەیەك بە قازانجی ئەوان بێ و ئەوانیش هێندێك گوشاری زیاتر بخەنە سەر مۆسکۆ و پێکەن وەك دوو نەیاری بەهێزی ئەمریکا.

قەیرانی ناوکی ئێران کە بۆتە گرێکوێرەی کێشە و دژوارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، بێگومان ئاسۆی چارەسەرکردنی هەر وەك ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بە لێڵی دەبینرێ و بایدنیش پێداگری لەسەر ئەوەی دەکات کە تاران دەبێ پابەندی مەرجەکانی ئەمریکا بێ و ئەگەر ئەوە نەکات، دوو لایەن زیاتر لێك دوور دەکەونەوە و ئاڵۆزییەکان تەشەنەی زیاتر دەستێنن و پێناچێت تاران بە مەرجەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتە ڕازی بێ و لەسەر سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر بەرنامەی ناوکیدا بەردەوام بن تا ئەو کاتەی هەست بە بەربەستی جیددی دەکەن.

> **قەیرانی ناوکی ئێران کە بۆتە گرێکوێرەی کێشە و دژوارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، بێگومان ئاسۆی**
> **چارەسەرکردنی هەر وەک ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بە لێڵی دەبینرێ و بایدنیش پێداگری لەسەر ئەوەی دەکات**
> **کە تاران دەبێ پابەندی مەرجەکانی ئەمریکا بێ و ئەگەر ئەوە نەکات،**
> **دوو لایەن زیاتر لێک دوور دەکەونەوە و ئاڵۆزییەکان تەشەنەی زیاتر دەستێنن**
> **و پێناچێت تاران بە مەرجەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتە ڕازی بێ و**
> **لەسەر سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر بەرنامەی ناوکیدا بەردەوام بن**
> **تا ئەو کاتەی هەست بە بەربەستی جیددی دەکەن**

ئەو ماوەیە قسەی کاربەدەستانی تاران ئەوە بووە کە پەرە بە بەرنامەی ناوکییان دەدەن و بە مافی خۆیانی دەزانن لەو بارەوە هەنگاوی خێراتر بهاوێژن و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێژەی پیتاندنیان بە ڕێژەی زیاتر لە ٢٠٪ زیاد کردووە کە بێگومان ئەوە بەدڵی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئەمریکاش نابێت. ئەو کردارەی ئێران بە مەترسی جیددی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچەیی و خودی ئەمریکا دەزانرێ و ئەگەر هەنگاوەکانی سنووردار نەکرێن، ناوچەکە دەکەوێتە دۆخێکی پڕمەترسییەوە.

بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە جۆرێك نییە کە بە ڕێگای سەلیمدا، چارەسەری ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکان لەگەڵ حکومەتی تاراندا بکرێ و زۆر کەس پێیان وایە، ئیدارەی نوێی ئەمریکا پاشەکشێ لەهەمبەر ئێران دەکات و بەو جۆرە تاران زیاتر دێتە پێشەوە.

ئەو ڕوانینە جەوهەرێکی ڕوونی نییە و هەر لایەك شەڕی باڵادەستی و بەرژەوەندی خۆی دەکات و ئەگەر ئەمریکا هەڵوێستی سیاسی سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی بگۆڕێ و بێ مەرج بگەڕێتەوە بەرجام، ئەوەی زۆر زیانی بەردەکەوێت و ئاسایشی ناوچەیی و دۆست و هاوپەیمانەکانی دەخاتە مەترسییەوە، ڕاست ئەمریکا دەبێ و لەو کاتەدا دۆستە ناوچەییەکانی بەدوای لایەنێکدا دەگەڕێن کە پارسەنگی هێز بە سوودی ئەوان بگۆڕێ و لە مەترسی و هەڕەشەی زەقی تاران بیانپارێزێت.

# بوونی شاعێرانە



ساماڵ ئەحمەدی

نئەفلاتوون گوتوویەتی: «مرۆڤ بەردەوام گیرۆدەی شرۆڤە و لێکدانەوەیە.» واتە بەردەوام دەیەوێت دەستی بە شتێک ڕابگات کە پێویستە، بەڵام تاکوو ڕادەی نەشیان دژوارە. ئەو «شرۆڤە و لێکدانەوە»یەی کە مرۆڤ عەقڵانییەتی، هەر بە کەرەستەی زمان دەردەبڕدرێت و، مانای وایە کە مرۆڤ لە زماندا دەژی.

‹‹شێعر بەبێ زمان ناتوانێ هەبێت.›› ئەم ڕستەیە ڕاتدەکێشێ بە لای بیرکردنەوەدا. بیرکردنەوەش ناتوانێ بەبێ زمان خۆی وەدیار بخات. ئەمە ڕاڤەکردنێکی بووناسانە (Ontology)یە. لەوەڕا دیار دەکەوێت کە زمان و بیرکردنەوە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژیی شێعرن. واتە جۆرێک بیرکردنەوە لە زمانی شێعردا هەیە کە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی بیرکردنەوەدا جوداوازە؛ دیارە ناهاوتەرازیشە. کەواتە بیرکردنەوە لە بوونی مرۆڤ هەر یەک شێوازی نییە. کەچی زۆر جار ئەوانەی بە زمانی ژیربێژی (لۆژیک / مەنتق / ژمێریاری»ی سوودخوازانە بیر لە بوون دەکەنەوە بە جۆرێک باسی بیرکردنەوەی شاعیرانە دەربارەی بوون دەکەن کە بڵێی بیرکردنەوەی شاعیرانە چرووکە! مەسەلەن دەڵێن: ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەمەڕ بابەتەکان و ڕووداوەکانەوە شاعیرانەیە، دەیانەوێت بێژن ئەمە لە ڕاستیی ڕەسەنەوە دوورە! ئەوانەی بەم جۆرە بیر دەکەنەوە، ئەوانەن کە دەیانهەوێت تەنیا یەک شێوازی بیرکردنەوە هەبێت، کە ئەمە خۆی بیرکردنەوەیەکی دوورە لە ئۆنتۆلۆژیی بیرکردنەوەوە. نازانم خۆیان ئەوە دەزانن، یان نا، بەڵام ئەوەی کە لە مەبەستەکەیاندا ڕوون و بێئەملاولایە، ئەوەیە کە دەیانەوێت ڕێ لە شێوازی جوداوازی بیرکردنەوە بگرن.

هایدگەر کە یەکێک لە فەیلەسووفانی دیاری سەدەی بیستەمە و لە بواری بووناسیدا تیۆریی زۆر گرینگی هەیە و، بیرکردنەوە زاڵەکەیشی ‹‹پرسیاری بوون››ە، پێی وایە مرۆڤ تاکە هەبووە کە بوون بەلایەوە باسێکی بابەتییە و هەر مرۆڤیش دەتوانێت لە بوون بکۆڵێتەوە، لەنێو مرۆڤەکانیشدا شاعیرانی ڕەسەن بە شیاوترین کەسانی ئەو بوارە دەزانێت.

بەلای هایدگەرەوە مێژووی مێتافیزیک، مێژووی خافڵبوونە لە بوون و سەرقاڵبوونە بە هەبووەکانەوە لەجیاتی بوون، بەڵام لە شێعردا کە گەوهەری زمانە — و بنەڕەت و ڕەگی هەموو هونەرەکانە — لایەنە نەشاراوە و دیارەکەی بوون شیاوی دۆزینەوەیە و هەر لەوێشەوە دەکرێ ڕێی چوونە نێو هزری ڕەسەن بدۆزینەوە.

هایدگەر لە خوێندنەوەی شێعری هۆلدەرلین (شاعیری گەورەی سەردەمی مۆدێرنی ئەڵمانیا کە بە پێشەنگی شاعیرانی دەزانێت) بەوە گەیشتووە کە شاعیر لە دنیای خۆیدا شێعر دەئافرێنێت، هەرگیز دەست لە سیستەمی بەرچاوەکیی گەردوون وەرنادات و نووسینی شێعر کردەیەکی بە تەواوەتی بێزیانە، واتە مەبەستی نییە شتەکان بگۆڕێت، یان بارەوباریان بکات، شێعر وەکو خەون و خولیایە، ئەوەش بەو واتایە نییە کە ئاڵۆزە و ڕاستیی تێدا بەستە نییە، بگرە لەبەر ئەوەیە کە مەبەستی نییە دەست لە دنیای دەرەوە وەربدات و بخوازێت بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ژمێریاری دەست بەسەر هەبووەکاندا بگرێت و سیستەمی بوونیان بگۆڕێت، گەوهەری زمان کە هەمان زمانی ڕەسەن، واتە شاعیرییە، شتەکان وەکوو خۆیان نیشان دەدات، بۆ ئەوەی دوور بن لە هەرچەشنە کاریگەرییەک کە گەوهەری بوونیان بگۆڕێت.

شێعر بنەڕەت و گەوهەری شتەکان ناگۆڕێت تا بواریان پێ بدات هەویەتی و گەوهەری بوونی خۆیان نمایش بکەن. بەستێنی کاری شاعیر، زمانە، بەلای هایدگەرەوە زمانی ڕەسەن کە زمانی شاعیرە، بوونی شتەکان ناگۆڕێت بۆ ئەوەی دەستیان بەسەردا بگرێت، لە بەرانبەردا زمانی چەمکەکان و زمانی ژیربێژی (لۆژیک / مەنتق / ژمێریاری) زمانی تێگە دەرهەستەکانە و هەموو شتەکان بۆ ئەوە شیکاری دەکات کە مرۆڤ بەسەریاندا زاڵ بێت و دەست لە بوونیان وەربدات. هەربۆیە زمانی شێعر دەبێ زمانێکی جودا لە زمانی باوی نێو خەڵک بێت، واتە زمانێک بێت کە زاڵبوون و خۆسەپاندنی لەبن سەریدا نییە. ئەم بێگەردترین پیشەیە وەکوو دیارییەکی ئاستەم بە شاعیر دراوە تا بئەزموێت کە خۆیشی و گەردوونیش لە زماندا بۆ مرۆڤ وەڕاست دەگەڕێن؛ بەبێ زمان ئەزموونی بوون دەست نادات. زمان بە مرۆڤ دراوە تا دەرفەتی کردنەوەی گەردوون و بوونی هەبێت و مێژوو دابێنێت.

زمان تەنیا کەرەستەیەک نییە کە لە خزمەت و لە بەردەستی مرۆڤدا بێت، بگرە ڕووداوێکە کە بەرزترین شیانی بوونی پێ دەبەخشێت. بە بۆچوونی هایدگەر هەرچییەکی لە پەسنی شێعردا دەیڵێین لە ڕاستیدا پەسنی زمانە، شتەکان لە وتەدا دیار دەکەون؛ وەدیارکەوتن پێشەکی و بنەڕەتی هەموو هونەرەکانە، لەوانە مێعماری، مۆسیقا، شێوەکاری و...

ئەوەی لە مێژووی گەلاندا دەمێنێتەوە ڕەگێکی شاعیریی تێدایە، لەبەر ئەوەی شاعیر هاوزمانی دادێنێت.

هاوزمانی و مێژوویبوون بارێکی بوونن و لێک جودا نین. زمان ماڵی ڕاستیی بوونە و مرۆڤ بە شێوەیەکی شاعیرانە لەو ماڵەدا ئاکنجی دەبێت.

ئاکنجیبوونی شاعیرانە وەڕاستگەڕانی هەبووە بەهۆی وشە و لە وشەدا؛ کە شاعیر ناو لە شتێک دەنێت، بوونی ئەو شتە وەکوو خۆی دەخاتە بەرچاو. ناولێنان یەکەمین مەرجی دیارکەوتنی شتەکانە بۆ ئەوەی تێبینی بکرێن و بوونیان بناسرێت.

شاعیر بە وشە، یان بە ناولێنان «بوون» وەڕاست دەگێڕێت و مێژوو بنیات دەنێت. بنیاتنانی شاعیرانە سەرلەبەر سەرسووڕێنەرە، چونکە بەپێچەوانەی ڕەوتی باوی هۆشی هاوبەشی و سوودخوازی، ئەوەی لە شێعردا دەدۆزرێتەوە، کرانەوەیە، بوون دەبێ وەدیار بکەوێت تا هەبووەکان بتوانن هەبن.

سەرباری ئەوەیکە شێعر بۆ شێعربوون پێویستی بە زمان هەیە، بەڵام زمان وەکوو ماددەیەکی خاوی بەردەست بۆ مەبەستی خۆی بەکار ناهێنێت، بگرە زمان بە شێعر دەبێت بە زمان. شێعر، بنەڕەتی ڕەسەنی زمان، یان ڕیشەی زمانە.

هایدگەر پێی وایە شێعر زمانی ڕەسەنە، چونکە شێعر لە بنەڕەتی زماندایە و بنەڕەتی سەرهەڵدانی بوون، شێعرە. شێعر ماڵی ڕاستیی هەبووەکانە و مرۆڤ لەو ماڵەدا (زمان) ئاکنجی بووە.

زمانی ڕەسەن بەلای هایدەگەرەوە ئەوە نییە کە هەست و سۆزەکانی مرۆڤ دەرببڕێت، چونکە لەوەدا مرۆڤ وەکوو سووژەی خاوەن هزر وەلا دەنرێت.

ئەوە ڕاستە مرۆڤی ئێستا تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە زمانی ژیربێژی (لۆژیک) دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت و بیکاتە ملکی خۆی و بە خەیاڵی خۆی، ڕاستیی گەردوون بە هۆش و ئاوەزی خۆی هەڵچنێت، بەڵام زمانی ڕەسەن بانترە لەوانە و زمانی ڕاستی، شوێنی سەرهەڵدانی بوونە، لەبەر ئەوەی بنەمای بوونی مرۆڤ کرانەوە و سەرهەڵدانە. تەنانەت یەکەمین پێوەندی لەگەڵ خوداکان و بابەتەیلی ئاسمانی شاعیر هەڵیدەبەستێت و ئەمەش بناغەی مێژووی هەموو نەتەوەکانە.

شاعیر بە ناونانی بابەتەیلی ئاسمانی بنەڕەتێک دادەڕێژێت کە ئەو بنەڕەتە دەبێتە دەستپێکی مێژووی نەتەوەکەی.

لێرەدا شاعیری دەبێتە پیشەی ناونانی شتەکان و کاروباری ئەم دنیایە و ئاسمانیش؛ ئیدی شاعیر بە ناونان پەردە لەسەر ڕاستیی شتەکان لادەدات.

شاعیر لە وتەی خۆیدا شتێک ئاشکرا دەکات کە پێشتر باسی نەکراوە، ئەمە بەو واتایە نییە کە شاعیر وێنەی بەرهەستی شتەکان بە دەستەوە دەدات، بگرە بەو واتایەیە کە شاعیر ناو لە بوونی هەبوو دەنێت و هەبوو وەکوو ئەوەی کە هەیە دەناسێنێت، چونکە هەبوو هەر بە ناو دەناسرێت.

شێعر بنەڕەتە مێژووییەکانی نەتەوە دادەڕێژێت. لەو بنەڕەتانەدا واتای ئازایەتی، چاکە، ڕاستی و ستەم ڕوون دەبێتەوە. هەر نەتەوەیەک شاعیری نەبێت، هیچی نییە، چونکە شاعیر ڕاستیی هەبووەکان و مرۆڤ دەدۆزێتەوە. ئەگەر شاعیر خۆی لە باسی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ کلا دەکات و دەپەرژێتە سەر داهێنان و ئاشکراکردنی ڕاستی، لەبەر ئەوەیە کە ڕاستی بە چەمک و ڕێژەی چەمکەکان چێ ناکرێت، بگرە دەبێ ڕاستی بە ئازادی لە شێعردا بدۆزرێتەوە و دابهێنرێت، نەک لەبەر ئەوەیشی کە ڕاستی و ئازادی ملکی مرۆڤ بن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لە سۆنگەی مرۆڤبوونی خۆیەوە پێوەندیی بە ئازادی و ڕاستییەوە هەیە و لەبەر ئەوەیشە هەوڵ بۆ داهێنان و ئاشکراکردن دەدات. ئەم باسە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە زمان پێشمەرجی بووناسانەی مرۆڤە و مرۆڤ لە زماندا دەژی.

مەبەستی هایدگەریش لە پێناسەکردنی زمان وەکوو شێعر ئەوەیە کە شێعر لە ناوەندی زماندا دیار دەکەوێت و بەبێ زمان نابێت، ئەمەش ڕێکەوڕاست دەچێتەوە سەر بیرکردنەوە، چونکە بیرکردنەوە بەبێ زمان نابێت و لەنێو زماندا ڕوو دەدات و لە ڕاستیدا ‹‹بیرکردنەوە، زمان و شێعر›› سێ لایەنی لێک هەڵپێکراون.

دوکتور محەممەد کەماڵ لە کتێبی «فەلسەفەی هونەر» و لە باسی «یشتەجێبوونی شاعیرانەی مرۆڤ››دا نووسیویەتی: «مرۆڤ پێویستە داهێنەرانە بژی تاکوو بتوانێت بوونی خۆی پڕ و تەواو بکات. بەڵام ئاشکرایە هەموو مرۆڤێک داهێنەرانە ناژی و بوونی لەلایەن کەسانی دیکەوە داگیر دەکرێت و شێوازێکی نارەسەنانەی بەسەردا دەسەپێنرێت، کەسانی دی سەربەستییەکەی داگیر دەکەن و بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی دەدەن، کەوابوو ڕاستە کە مرۆڤ بە شێوەی ئۆنتۆلۆژییانە (بووناسانە) بوونێکی داهێنەرانەی هەیە، کەچی دەبینی کەسانێک داهێنەرانە ناژین و فینۆمینۆلۆژییانە (دیاردەناسانە) داهێنەر نین.

ئەو مرۆڤانەی ڕێگە بە کەسانی دی نادەن بوونیان داگیر بکات و دەیانەوێت ڕەسەنانە بژین، شاعیرانە نیشتەجێ دەبن، ئەم مرۆڤە ڕەسەن و داهێنەرانە، لە هەمان کاتدا، خاوەنی پلە و پایەن و دەتوانن مێژوو دروست بکەن.

مرۆڤی خاوەن پلە و پایە
شاعیرانە
لەسەر زەمین نیشتەجێ دەبێت
«هۆڵدەرلین»

نیشتەجێبوونی شاعیرانە پەیوەندیی بە «کات»ەوە هەیە و تەنیا ئاماژە بۆ «لە-نێو-شوێن» ناکات.

لە ڕاستیدا بۆ هایدگەر کات و شوێن لە بوونی مرۆڤدا لە یەکدی جیا ناکرێنەوە. دیسانەوە ئەو پەیوەندییە لەسەر گۆڕانی «زەوی» و «جیهان» ڕادەوەستێت. ئەم دوو چەمکە گوزارش لە شوێن دەکەن. گرنگە بزانین کە لە پەیوەندیی نێوانیاندا پرۆسەی گۆڕان ڕوو دەدات و گۆڕانیش «کات»ە.

نیشتەجێبوونی شاعیرانە، گۆڕانی داهێنەرانەی زەوییە بۆ جیهان و بەجیهانکردنی زەوییە.

لە لایەکی دیکەوە، مادام نیشتەجێبوونی شاعیرانە داهێنانە، دەبێ ڕوو لە داهاتوو بکات. گۆڕانکارییەکی داهێنەرانەیە کە بەردەوام «ئێستا» ڕەد دەکات و دەیەوێت بە داهاتوو بگات؛ ئەو داهاتووەی مرۆڤ تێیدا بوونی خۆی پڕتر دەبینێت.

> **ئاشکرایە هەموو مرۆڤێک داهێنەرانە ناژی و بوونی لەلایەن کەسانی دیکەوە داگیر دەکرێت و شێوازێکی نارەسەنانەی بەسەردا دەسەپێنرێت، کەسانی دی سەربەستییەکەی داگیر دەکەن و بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی دەدەن، کەوابوو ڕاستە کە مرۆڤ بە شێوەی ئۆنتۆلۆژییانە (بووناسانە) بوونێکی داهێنەرانەی هەیە، کەچی دەبینی کەسانێک داهێنەرانە ناژین و فینۆمینۆلۆژییانە (دیاردەناسانە) داهێنەر نین. ئەو مرۆڤانەی ڕێگە بە کەسانی دی نادەن بوونیان داگیر بکات و دەیانەوێت ڕەسەنانە بژین، شاعیرانە نیشتەجێ دەبن، ئەم مرۆڤە ڕەسەن و داهێنەرانە، لە هەمان کاتدا، خاوەنی پلە و پایەن و دەتوانن مێژوو دروست بکەن.**

> **نیشتەجێبوونی شاعیرانە، گۆڕانی داهێنەرانەی زەوییە بۆ جیهان و بەجیهانکردنی زەوییە. لە لایەکی دیکەوە، مادام نیشتەجێبوونی شاعیرانە داهێنانە، دەبێ ڕوو لە داهاتوو بکات**

# ڕێبەندانە



ڕێبەندان، مایەی شانازی کوردی
قەندیلی، شاهۆی چیای هەڵگوردی
یادگارییەکەی پێشەوای بەرزی
ڕەزی پڕبەری سەدهەزارتەرزی
دەفتەری مێژووی پڕلەشانازیت
سەنگەری قەڵای پڕلە گیانبازیت
چرای چوار وەرزی ساڵی کۆماری
لە مێژووی پاکی کوردا تۆماری
خۆری دەم کەلی، بەیانی هیوای
زەردە پەڕەکەی، پێش کاتی سیوای
بیرووباوەڕی کوردی خوێنگەرمی
ئەڵماسی زێڕی سەربەرزی سەرمی
ئەستێرەی گەشی بەری بەیانی
لە کەهکەشانان ئەتۆ دەیانی

شاپەڕی ناخی گوڵزاری باخی
ڕەوەزی بەرزی سەرچیا و شاخی
دیمەنی چیا و دەشتی ڕەنگینی
ئاڵای چوارڕەنگی قەدپاڵی شینی
تۆئامانجەکەی سمکۆی شکاکی
لەمێژووی کوردا پیرۆزەی تاکی
خەونی دێرینی جامانە سووری
تاوی تریفەی گزینگی نووری
هەتاکوو تاکێ لە کورد بمێنێ
تۆوی گوڵ لەسەر، باڵات ئەچێنێ
وردەبارانی ئاسمانی وڵات
شین دەکا و عەترت، ئەدا بەخەڵات
بۆنی گوڵی تۆ دەگرێ سەرانسەر
باخی ئاواتی گەل دێنێتە بەر

ڕ،ب،م،ن

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No : 792 ▪ 3 February 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕێبەندان ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.



### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەسووڵ لاوازە»، کوڕی محەممەد و خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هاوکات لەگەڵ دەسبەسەرکردنی «ڕەسووڵ لاوازە»، هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر گوندی «کانی بوداغ» سەر بە پیرانشار و دوو کەس لە دانیشتووانی ئەو گوندەیان، بە ناوەکانی «کەریم خەلیفانی»، کوڕی سلێمان و «حیسامەدین خزرزادە»، کوڕی ڕەسووڵیان بە بێ بەڵگەی یاسایی دەسبەسەر کردووە. هەر هەمان ڕۆژ هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلام خەلیفانی»، خەڵکی گوندی «کانی بوداغ» سەر بە پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «قادر ڕەسووڵپوور» و «محەممەد حاجی ڕەسووڵپوور»، خەڵکی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بەفرانبار، ٦ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «حسەین مێهرەبان، هێرش ڕەسووڵپوور، فوئاد محەممەدپوور، فەریبا ئەحمەدی و ڕۆژین محەممەدپوور» خەڵکی شاری بۆکان و «دیاکۆ زەردەشتی» خەڵکی شاری نەغەدە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. شەوی سێشەممە، ٣٠ی بەفرانبار، لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە بۆکان، هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی «عەلی زولفی»، دانیشتووی شارەکی فەرهەنگییانی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای نەجەفی ئەشەرفی هێزە زەوینییەکانی سپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا، باسی لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەرکەوت ئەحمەدی» خەڵکی شاری ڕوانسەر کرد، کە دەستی هەبووە لە کوژرانی ئەندامێکی ڕاهنما و ڕانندگی بە ناوی «حەسەن مەلەکی». ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شۆڕش ئەحمەدی»، کوڕی محەممەد و خەڵکی پیرانشار، لە شاری میاندواو لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بەفرانبار، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «تالب و ڕەشید ڕەیحانی»، کوڕی خزر و خەڵکی گوندی «شاوەلە» سەر بە شاری نەغەدە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەحیەدین شامە»، خەڵکی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. شەوی شەممە ٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەمیل ئەحمەدیان»، خەڵکی سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەفشین ئیلاهی»، خەڵکی شاری سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندان، چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «ئەرەستوو مەلاڕەحیمی»، خەڵکی مەهاباد، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کراوە. ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بابەک بابایی»، تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سیروان ئەمینی»، خەڵکی شارەکی حەسەنئاوای سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەردار محەممەدپوور»، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی خەبات و خەڵکی گوندی «ئاڵی کەند» سەر بە بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. ڕۆژی سێشەممە ٧ی ڕێبەندان، «مستەفا ئیلخانیزادە»، بەرپرسی فێرگەی زمانی کوردی «ئەدەب» لە بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعید خالیدی»، کوڕی ئەمین و خەڵکی گوندی «ساتیاری» سەر بە بەخشی باینگانی پاوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. شەوی پێنجشەممە ٩ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەماڵ قاسمی»، خەڵکی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕێبەندان، چوار هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «جەماڵ نەهالی»، خەڵکی شنۆ، «غەفوور ئەسپەندار»، خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ «، سەید «لوقمان تاهیری»، خەڵکی گوندی «پرداوێ» و «شۆڕش بەرهەم»، خەڵکی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. لە درێژەی دەسبەسەرکرانی هاووڵاتییان لە شنۆ، سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەفیع شێخە»، کوڕی ڕەحیم و خەڵکی گوندی «چەشمەگۆل» سەر بە شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەیسەڵ عەلیئابادی»، کوڕی یاسین و خەڵکی گوندی «شاوانێ» سەر بە شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «واحید شێخمحەممەدی» خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ» و «فەردین بایەزیدی» خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون. ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «هاشم حسەینی»، کوڕی عوسمان، خەڵکی گوندی «مەنجیلان» و دانیشتووی بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، لە سنووری «هەنگەژاڵ»ـی ئەو شارەوە گیانی لەدەست دا. سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عەزیز قادرتاج»، «ئاوات محەممەدپوور» کوڕی بایەزید و «حسەین محەممەدپوور» کوڕی عومەر خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلیم شەریفی»، خەڵکی گوندی «قوروشاوێ» سەر بە شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو هاووڵاتییەیان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە. هەتا ئێستا بەدواداچوونەکانی بنەماڵەی سەلیم شەریفی، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی ناوبراو بێئاکام ماوەتەوە. هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، لە هۆکاری دەسبەسەری و تۆمەتە وەپاڵدراوەکانی دژی ئەو هاووڵاتییە کوردە، زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە. ڕۆژی سێشەممە ٤□ی ڕێبەندان، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «ڕۆیا جەلالی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە و بەبێ بەڵگەی یاسایی ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو چالاکە ژینگەییە بە شێوەیەکی توندوتیژییانە لەگەڵ ناوبراو هەڵسوکەوتیان کردووە.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانبار، دوو ئەندامی گرووپی موسیقای ژنانی «گلاریس»ـی کرماشان بە ناوەکانی «نازەنین ئەتابەکی و نەستەرەن یەزدانیپوور»، پاش بانگهێشتکردنیان بۆ پۆلیسی ئەمنییەتی کرماشان دەسبەسەر و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، مەلیحە مورادی، نەستەرەن یەزدانیپوور، نازەنین ئەتابەکی، سەمیرا فەرەحناکی و ئیلهام یەزدانیپوور، لە ئەندامانی گرووپی موسیقای ژنانی «گلاریس»ـی کرماشان، چەندین جار بانگهێشتی پۆلیسی ئەمنییەتی کرماشان کراون و بەڵێننامەی نووسراوەیان لێوەرگیراوە. ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بەفرانبار، پێنج هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕەشید ئەحمەدی و محەممەدئەمین ئەحمەدی»، خەڵکی گوندی «لەگز» و «ڕەزا، محەممەد و فەرهاد زەندی»، خەڵکی گوندی «عەباسئاوا» سەر بە شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پشتیوان نەبی زەرگەتەن»، تەمەن ٣٧ ساڵ، کوڕی سەلمان و خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ کراوە. ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەتا (شەماڵ) ڕەحمانزادە»، خەڵکی سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. حوکمی زیندانیی دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕەحیم ڕەفعەتی، کوڕی محەممەد و ڕەحمان تابش، کوڕی موراد»، خەڵکی شنۆ، لە دادگای پێداچوونەوەی ورمێ، پشتڕاست کرایەوە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەسەن (ڕەحمان) بەراتی»، کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی گوندی «باوان» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ورمێ کراوە. ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سالار چاوەشی»، کوڕی عەبدووڵڵا و خەڵکی گوندی «حاجی لەک» سەر بە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»ـی بۆکان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرا. ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕێبەندان، هونەرمەندێکی کورد بە ناوی «عەبدووڵڵا چاوەشی»، خەڵکی گوندی «حاجی لەک» سەر بە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»، پاش تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە زیندانی بۆکان. ڕۆژی دووشەممە ٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەحمەد ئیلاهی»، تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، بۆ بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا. دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «قادر ڕەسووڵپوور» و «محەممەد حاجی ڕەسووڵپوور»، خەڵکی بۆکان پاش دەسبەسەری لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ کران. ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەردەشیر مووسەوی، مستەفا باقریئاشنا و خەلیل ئەسەدی بووژانی»، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانیان ڕەوانەی زیندانی دێزڵاوای کرماشان کران.

### مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان:

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانبار، دادگای ئینقلابی سنە، حوکمی سێ ساڵ زیندانیی تەعزیریی بە سەر هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی « زانا کەسرایی»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی هیوا و خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان، سەپاندووە. ڕۆژی دووشەممە، ٢٩ی بەفرانبار، دادگای ئینقلابی پیرانشار، هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی «زاهیر پەسوپیش (جۆڵا)»، تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی گوندی «چیانە»، بە ٣ مانگ زیندانیی تەعزیری بە هەژمارکردنی ڕۆژانی پێشووی دەسبەسەرییەکەی، مەحکووم کردووە.. «سەعید سەنگەر»، زیندانیی سیاسیی بەندکراو لە زیندانی ورمێ لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، یازدە مانگ زیندانیی بە سەردا سەپێندرا.

### داسەپاندنی سزای زیندان:

ڕۆژی چوارشەممە ١ی ڕێبەندان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «نەجمەدین سوخەنوەر، تەمەن ٣٦ ساڵ، شۆڕش عەبدووڵانژاد، تەمەن ٣٧ ساڵ و سەلاح ئاجی، تەمەن ٥٠ ساڵ»، خەڵکی گوندی «گەرگولی خواروو» سەر بە پیرانشار، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، هەرکامەیان ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیرییان بە سەردا سەپا. هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەحمەد محەممەدی»، تەمەن ٥١ ساڵ و کوڕی ساڵح، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سەقز بە سەرۆکایەتی دادوەر «جەواد مستەفایی»، ٤ ساڵ زیندانیی تەعزیریی بەسەردا سەپا. ڕۆژی سێشەممە ١٤ی ڕێبەندان، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «ڕۆیا جەلالی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلیم شەریفی»، خەڵکی گوندی «قوروشاوێ» سەر بە شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی هاووڵاتییان:

حوکمی ٢ ساڵ زیندانیی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سالار چاوەشی»، کوڕی عەبدووڵڵا و خەڵکی گوندی «حاجی لەک» سەر بە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»ـی بۆکان، لە لقی ١٣ی دادگای پێداچوونەوەی ورمێ، بۆ ٦ مانگ زیندانیی تەعزیری کەم کرایەوە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی دووشەممە ٦ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەمیر وەیسی»، تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی گوندی «جۆجاڕ» سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود بریندار بوو. ڕۆژی دووشەممە ٦ی ڕێبەندان، تەرمی سێ کۆڵبەری ونبوو، خەڵکی گوندی «کوران» سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، بە ناوەکانی «مەتین ئەسلانی، بولەن ئەحمەدی و مۆلایی خودایی»، لەژێر ڕنووی بەفردا دۆزراونەتەوە.ڕۆژی سێشەممە ٧ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «واحید محەممەدی»، تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی گوندی «میراوای خواروو» سەر بە بانە، لە کاتی چوونەسەرەوە لە بەرزاییەکانی گوندی «برویشکانی» لە بەخشی نەنۆڕ کەوتە خوارەوە.

KURDPA